گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# پرسەکانی ململانێی ئایدۆلۆژی لە ڕۆمانی (داگیرکردنی تاریکی)ی بەختیار عەلیدا

**اركان خالد علی**
بەشی کوردی، کۆلێژی زمان، زانکۆی سەڵاحەددین - هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق
Arkan.alan87@gmail.com

**پ.د سەنگەر قادر شێخ محمد حاجی**
بەشی کوردی، کۆلێژی زمان، زانکۆی سەڵاحەددین - هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق.
Sangar.shekhmohammad@su.edu.krd

## پوختە

ململانێی ئایدۆلۆژی بە تایبەت لە سەر پرسی ناسنامە لە ڕۆمان، شەڕی نێوان باوەڕە داگیرکەرەکان و ناسنامەی کەسەکان ڕوون دەکاتەوە. بە شیکردنەوەی کارەکتەرە سەرەکییەکان و شێوازی نووسینی ڕۆمانەکە، دەبینین نووسەر چۆن ئەو ململانێیە نیشان دەدات کە مرۆڤ لە نێوان باوەڕێکی دەسەڵاتدار و ناسنامەی خۆیدا دەکات. لە ڕۆمانی (داگیرکردنی تاریکی)ی بەختیار عەلی، ناسنامە تەنها وەک نەتەوە یان باوەڕێکی سادە نییە، بەڵکو وەک ئامرازێکی سیاسی دەردەکەوێت، کە دەسەڵاتداران بەکاری دەهێنن بۆ کۆنترۆڵکردنی خەڵک. توێژینەوەکە باس لەوە دەکات کە چۆن مرۆڤ دەگەڕێت بۆ پاراستنی ناسنامەی خۆی و شەڕ دەکات بۆ ئازادی.ئەم لێکۆڵینەوەیە وەسفی-شیکارییە و ئامانجیەتی ئەو پەیوەندییە بخاتەڕوو کە لەنێوان ڕۆمان و ئایدۆلۆژیادا هەیە و ئەو لایەنە ئایدۆلۆژییانە کامانەن کە لە ڕۆمانەکەدا بوونەتە پرسی گرنگ و ململانێکەیان لەسەر دروستبووە و بەدوای وەڵامی ئەو پرسیارەدا دەگەڕێ داخۆ ناسنامە و زمان و کلتور چۆن کراونەتە کەرستەی ململانێی ئایدۆلۆژی و لە ڕێی توخم و تەکنیکەکانی گێڕانەوەدا مەزرێنراون.

## زانیاریەکانی توێژینەوە

**بەرواری توێژینەوە:**
وەرگرتن:٢٠٢٥/٦/٣٠
پەسەندکردن:٢٠٢٥/٨/٧
بڵاو کردنەوە:پایز٢٠٢٦

**ووشە سەرەکییەکان**
ململانێ ، ئایدۆلۆژیا ، ناسنامە، زمان، کلتور

**Doi:** 10.25212/lfu.qzj.11.4.27

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ڕۆمانی "داگیرکردنی تاریکی" لە ناونیشانەکەیەوە دەزانرێ کە ڕۆمانێکی ئایدۆلۆژییە و پڕیەتی لە ململانێ، چونکە هەردوو چەمکی داگیرکردن و تاریکی هەڵگری ڕەهەندی ئایدۆلۆژین. هەروەها پرسی سڕینەوەی نەتەوە و لەناوبردنی زمان و گۆڕینی کلتور سێ پرسی هەرە گرنگن کە تێمای ڕۆمانەکەن و بەشێکی بەرچاوی ڕۆمانەکە لە دەوری ئەم سێ بابەتە دەخووڵێتەوە.

## پێشەکی :

لە بواری زانستی کۆمەڵایەتی و ئەدەبیدا، ناسنامە بابەتێکی گرنگە و هەنوکە یەکێکە لە پرسە هەرە سەرەکییەکان کە لە ژانرە جیاوازەکانی ڕۆماندا دەمەزرێنرێ. کاتێک سیستەمێکی دەسەڵاتدار هەوڵ دەدات ناسنامەی خەڵک بگۆڕێت یان کۆنترۆڵی بکات، ململانێ دروست دەبێت. ئەدەب و بەتایبەتی ڕۆمان، ئەم جۆرە کێشانە بە وردی دەخاتەڕوو. ڕۆمانی "داگیرکردنی تاریکی"ی بەختیار عەلی نموونەیەکی ئەم جۆرە ڕۆمانانەیە. ئەم ڕۆمانە شەڕی نێوان ناسنامەی کەس و سیستەمە داگیرکەرەکان دەخاتەڕوو. لە ڕێگەی چیرۆکەکەوە، نووسەر نیشان دەدات کە خەڵک چۆن خەبات بۆ پاراستنی کەسایەتی و باوەڕەکانیان دەکەن لە بەرانبەر دەسەڵاتداران.

ئەم توێژینەوەیە بەسەر دوو بەشدا دابەش بووە: بەشی یەکەم تایبەتە بە چەمک و پێناسەی ململانێ و ئایدۆلۆژیا و ململانێی ئایدۆلۆژی و تایبەتمەندیەکانی ڕۆمانی ئایدۆلۆژی، بەشی دووەم تایبەتە بە نموونەکانی ململانێی ئایدۆلۆژی لەسەر پرسی ناسنامە لە ڕۆمانی (داگیرکردنی تاریکی)ی بەختیار عەلیدا. لە کۆتایشدا ئەنجام و لیستی سەرچاوەکانی توێژینەکە خراوەتە ڕوو.

**1-0:ناونیشانی توێژینەوە:** ناونیشانی توێژینەوەکە بریتیە لە (ململانێی ئایدۆلۆژی لەسەر پرسی ناسنامە لە ڕۆمانی داگیرکردنی تاریکی بەختیار عەلی)،*(بەشێکە لە نامەی ماستەر) هەوڵی خستنە ڕووی ئەو ئەو ململانێیە دەدات، کە لەناو ڕۆمانەکە لەسەر پرسی ناسنامە لەئارادایە.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**2-0:ڕێبازی توێژینەوە:** بۆ نوسینی توێژینەوەکە سوودمان لە هەردوو میتۆدی (وەسفی و شیکاری) وەربگرین، تا لە ڕێگەی میتۆدی وەسفیەوە سەرجەم چەمک و پێناسەکانی ململانێی ئایدۆلۆژی باسبکرێت، هەروەها لە ڕێگەی میتۆدی شیکارییەوە پراکتیزەی نموونەکانی لەسەر پرسی ناسنامە لە ڕۆمانی داگیرکردنی تاریکی بەختیار عەلی بکەین.

**3-0:سنووری توێژینەوە:** سنووری توێژینەوەکەمان لە چوارچێوەی چەمکی ململانێی ئایدۆلۆژی و ڕۆمانی داگیرکردنی تاریکی ڕۆماننووس (بەختیار عەلی)یە.

**4-0:گرنگیی توێژینەوە:** ئەم توێژینەوەش گرنگی بەدەرخستنی ململانێی ئایدۆلۆژی لەسەر پرسی ناسنامە لە ڕۆمانی داگیرکردنی تاریکی بەختیار عەلی، بە تایبەت ناسنامەی کوردانی باکوور کە چۆن بەهەموو جۆرەکان لەلایەن دەسەڵاتدارانی تورکیا دەچەوسێنرێنەوە مافیان زەوت دەکرێت.

**٠-٥ ئامانجی توێژینەوە:** ئامانجی ئەم توێژینەوەیە ئەوەیە بزانێ ئایا وەک چۆن لە ناونیشانی ڕۆمانەکەدا ململانێ بە ڕوونی دیارە، لە ناوەڕۆکیشدا بە زەقی بەرجەستەبووە. هەروەها کامە پرس لە ململانێکەدا کراوەتەوە تێمای ڕۆمانەکە و مەزرێنراوە.

**٠-٦ پرسیاری توێژینەوە:** ئەم توێژینەوەیە لە هەوڵدایە وەڵامی ئەم پرسیارانە بداتەوە، ئایا کامە تێما کراونەتە بابەتی ململانێی ئایدۆلۆژی و لە ڕۆمانەکەدا بەرجەستەبوون؟ ئایا پەیوەندی ئەو تێمایانە بە تەکنیک و توخمەکانی گێڕانەوەوە چۆنە و ڕۆماننووس چۆن توانیویەتی پەیوەندییەکی تۆکمە لەنێوان بابەت و توخم و تەکنیکەکان دروست بکا؟

**٠-٧ پێکهاتەی توێژینەوە:** ئەم توێژینەوەیە بەسەر دوو بەشدا دابەش بووە: بەشی یەکەم تایبەتە بە چەمک و پێناسەی ململانێ و ئایدۆلۆژیا و ململانێی ئایدۆلۆژی و ڕۆمان و ئایدۆلوژیا و تایبەتمەندیەکانی ڕۆمانی ئایدۆلۆژی، بەشی دووەم تایبەتە بە نموونەکانی ململانێی ئایدۆلۆژی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

لەسەر پرسی ناسنامە لە ڕۆمانی (داگیرکردنی تاریکی)ی بەختیار عەلیدا. لە کۆتایشدا ئەنجام و لیستی سەرچاوەکانی توێژینەکە خراوەتە ڕوو.

**.-٨:هۆی هەڵبژاردنی توێژینەوەکە:** پرسی ناسنامە پرسێکی گرنگ و هەنوکەییە و لە زۆرێک لە ژانرە ئەدەبییەکاندا وەکو تێمایەکی گرنگ چاوی لێدەکرێ. لای ئەو نەتەوانەی داگیرکراون کە کوردیش یەکێکە لەو نەتەوانە، گرنگییەکەی زۆر زیاترە. هەروەها ڕۆمانی داگیرکردنی تاریکی بەتەواوی نموونەیەکی گونجاوە بۆ ئەم بابەتە و پرسی ناسنامە لە ڕۆمانەکەدا بەرجەستەکراوە.

**٠-٩:پێداچوونەوە بەکارەکانی پێشوو:** ئەگەر پێداچوونەوەیەکی خێرا لەسەر ئەو لێکۆلینەوە و توێژینەوانە بکەین بە ناوی ململانێ و ئایدۆلۆژیا. لە پێشوودا چەند کارێکی لەسەر کراوە ئەوەندەی ئێمە بەرچاومان کەوتبێت. ئەوانیش نامەکەی (نەوزاد عبداللە بامەڕنی) بە ناوی (ئایدۆلۆژیا د هۆزانێن جەگەر خوینی دا) گرنگی بە ئایدۆلۆژیا و ئەدەب داوە، پاشان باسی چەند تیورێک دەکات بۆ نیشاندانی چەمکی ئەدەب، پاشان شیکردنەوەی ئایدۆلۆژیی لە شیعرەکانی جگەر خوین دەکات. هەولێکی تر بە ناوی (ڕەهەندی ئایدۆلۆژی لە هەردوو ڕۆمانی بەختیار عەلیدا (جەمشید خانی مامم کە هەمیشە با لەگەڵ خۆیدا دەیبرد، هەورەکانی دانیال) نامەی ماستەرە،پێناسە و چەمکی ئایدۆلۆژیا دەکات لە تێڕوانینی جیا جیا، ئینجا باسی ئەو ڕەهەندە ئایدۆلۆژییانە دەکات لەناو هەردوو ڕۆمانەکە. لەگەڵ دوو هەوڵی تر سەبارەت بە پرسی ململانێ ئەوانیش یەکیان نامەکەی (سەرکەوت عمر ابراهیم) بە ناوی (ململانێی کەسێتیەکان لە ڕۆمانەکانی (حوسێن عارف)دا) بە گشتی پێناسە و چەمکی ململانێ لە چەند ڕوویەکەوە باس کردووە.هەروەها تێزی (شڤان قاسم حسن) بەناوی (بەرجەستەبوونا ململانا هێزێن هەڤدژێن دراماتیک د داستانا شێخێ سەنعان یا (فەقێ تەیران) دا) ئەمیش ئاماژەی داوا بە چەندین جۆری ململانێ لە دەرەوەو ناوەوەی ئەدەب، ئینجا شیکردنەوە بۆ ئەو ململانێیانە دەکات لە داستانەکەدا هاتووە. هەروەها توێژینەوەک هەیە بەناوی (ململانێی چینایەتی لە ڕۆمانی کوردی) هەردوو توێژەر (شوان سلێمان و عبداللە رحمان) لە گۆڤاری ئەکادیمی زانکۆی نەوروز بڵاویان کردۆتەوە. باسیان لە پێناسە و چەمکی ململانێی چینایەتی کردووە و هەروەها باسیان لەو ململانێی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

چینایەتیە کردووە لە ڕۆمانەکانی کوردی بە تایبەت پێش ڕاپەرینی ١٩٩١ ڕەنگیان داوەتەوە. ئەوەی کارەکەی ئێمە لەوان جیا دەکاتەوە ئەویش ئێمە لەسەر هەردوو چەمکی (ململانێی ئایدۆلۆژی) بەیەکەوە کارمان کردووە لە ڕۆمانی (داگیرکردنی تاریکی)ی بەختیار عەلیدا.

## بەشی یەکەم : ململانێی ئایدۆلۆژی و هۆکارەکانی ، تایبەتمەندییەکانی ڕۆمانی ئایدۆلۆژی

### 1/1) چەمك و زارەوە و پێناسەی ململانێ

ململانێ لە چەمکە ئاڵۆزەکانە و بە ئەستەم دەتوانرێت سەرجەم ڕەهەندەکانی دیاری بکرێت، لەبەر ئەوەی شێواز و هۆکار و ئەو پرسانەی ململانێیان لەسەر دروست دەبێ، دەشێت هەندێک کات تاکایەتی و دەروونی بن، هەندێک کاتی دیکە کۆمەڵایەتی بن، یاخود دەشێت ململانێکان پەیوەندییان بە بواری ڕێکخستن یان ململانێی سیاسی و ئایدۆلۆژی و ئایینی و نێودەوڵەتییەوە هەبێت.

کۆمەڵگە پانتایەکی فراوانی ململانێیە لە هەموو ئاستەکانیدا، ئەمەش دەبێتە مەرجی یەکەمی مانەوەی کۆمەڵگاکان لە سنووری گەشەکردن و خۆ دروستکردن لە ڕووی سیاسی ، ئابووری ، کۆمەڵایەتی و ئەدەبی هەر بوارێکی دیکەی ژیان جا ئەو ململانێیە ئاشتیانە بێت، یاخود بە ڕێگای توندوتیژی ئەنجام بدرێت.

زاراوەی ململانێ" (Conflict) لەبناغەدا وشەیەکی لاتینییە و لە (Confligere) وەرگیراوە ، ئەم زاراوەیە مانای دۆخێکی گرفتاوی دەبەخشێت کە بە هۆی دوو تێڕوانینی بە یەک ناکۆک یان دوو بەرژەوەندیی دژ بە یەک ، یاخود دوو ئامانجی لێکجیاواز لە مرۆڤێکدا یان لە نێوان دوو مرۆڤدا دروست دەبێت". (فەتاح ، ٢٠٠٧ ، ١٠) ، ئەم پێناسەیە جەختکردنەوەیە لە بارودۆخێکی ناهەموار خودی تاکێکدا، یان لە نێوان دوو کەسدا دروست دەبێت، کە لە ئەنجامی بوونی دوو بەرژەوەندیی دژ بە یەک یان دوو ئامانجی جیاواز دێت، کە بە لای هەر یەکێک لەو دوو کەسەی ململانێی لەسەر دەکەن، ڕوانینی تایبەت بە خۆیان هەیە.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

هەژاری موکریانی لە فەرهەنگی (هەمبانە بۆرینە)دا چەند مانا و واتایەکی بۆ زاراوەی ململانێ ئاماژە پێ داوە وەکو "ڕکەبەری، زۆرانی، ململانە، مل نەدان، ڕازی نەبوون، قبووڵ نەکردن".(موکریانی ، ١٣٧٤ ، ٨١٣)

بە بۆچوونی (ئەحمەد عزەد ڕاجع) ململانێ "بەواتای هەڵگرساندنی جەنگ دێت لە دوو توێی کەسێتیدا و دەبێتە هۆی یەکنەگرتنەوە و لە دەستدانی هاوسەنگێتییەکەی و پاڵی پێوە دەنێت بۆ هەڵوەشانەوە یان لێکترازان". (راجع، ١٩٦٨، ٣٤٣). کەواتە بە پێی ئەم بۆچوونە ململانێ پەیوەستە لە نێوان کەسێتی ئاسایی و کەسێتی نائاسایی و مرۆڤ دەخاتە بارودۆخی جەنگێکەوە، کە هاوسەنگی خۆی لە دەست دەدات، گەر لە کاتێکدا نەتوانێت بە سەر ململانێکەیدا زاڵ بێت، کە زۆر جاریش مرۆڤ بۆ چارسەرکردنی ئامانجەکەی پەنا دەباتە بەر توندوتیژی.

سەبارەت بە پێناسەی ململانێ "تێڕوانینی جەوهەری ئەوەیە مرۆڤ بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتییە، بەڵام ئەم زیندەوەرە هەمیشە لەبەردەم ئەگەری ململانێدایە، ئەمەش لەبەر ئەوەی فشارکردنی توندوتیژیانە هەمیشە ئەگەرێکی بەهێزە و سەردەکێشێت بۆ ململانێیەک لە شێوەی دژایەتی کردندا". (محمد، ٢٠٢٣، ٧٨) ، ئەمە بۆچوونی (کۆلێنس)ی زانای بواری کۆمەڵناسییە و دەیەوێ بڵێ، فشاری کاری ڕۆژانە وا لە مرۆڤ دەکات توشی ململانێ بێت ، دژایەتی بەرامبەرەکەی بکات.

(ئەرستۆ) هۆی سەرەکی ململانێی لە نایەکسانی و هەوڵ بۆ یەکسانی یان لە باڵا دەستبووندا بینیوە، "ئەوانەی کە لە ناو یەکسانی دیکە لە خوارترن، خوازیاری یەکسانی لەگەڵ ئەواندان و ئەوانە لە هەوڵی چوونە سەرترن، و لێرەوە ململانێ و کێشمەکێش لەناو کۆمەڵگەدا دەست پێدەکات".(ڕەسوڵ، ٢٠٠١ ، ٢٤).

هەروەها (مارکس) پێیوایە "بنچینەی دروستبوونی ململانێکان دەگەڕێتەوە بۆ لایەنی ئابووری و دەرکەوتنی جیاوازی و چینایەتی". بەڵام کۆمەڵناسە ڕۆژئاواییەکان بڕوایان وایە "ململانێ لە نێوان ئەندامانی کۆمەڵگە و ڕەگەزەکانی بونیادی کۆمەڵایەتی ، یان لە نێوان بونیادی کلتووری و ئەو پەیوەندییە کۆمەڵایەتیانەی کۆمەڵێک کەس پێکەوە کۆ دەکاتەوە ، یاخود ئەو بەهاو پێوەرانەی تەحەکوم بە ڕەفتاری مرۆڤەوە دەکەن، دروست دەبێت ". (محمود ، ٢٠١٧ ، ٣٤). لە دیدی مارکس کۆمەڵگە لە دوو چینی سەرەکی پێکدێ کە چینی کرێکار و چینی سەرمایەداران

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

و جۆرێک لە ململانێی بنیاتی و ڕق لە نێوانیان هەیە و بەردەوام هەوڵی زاڵبوون بەسەر یەکدا دەدەن.

هەروەها بیرمەندی کۆمەڵناسی (ڕۆبێرت میرتون) پێیوایە "ململانێ دروست دەبێت بەهۆی بەریەککەوتنی میکانیزمەکانی ڕیکخستنی بونیادی کۆمەڵایەتی و ئامانجە کلتووریەکان ، بە جۆرێک بونیادەکان دەبنە ڕێگر لەبەردەم بەدیهێنانی خواستە کلتووری و بەهاییەکان بۆ هەندێک لەو کەسانەی لەناو بونیادی کۆمەڵایەتیدا پێگەیەکیان داگیرکردووە". (بۆکانی، ٢٠٠٦ ، ٤٥) ، لێرەدا لە کۆمەڵناسی ورای زانایانی کۆمەڵناسی جەخت لەوە دەکەنەوە بەهۆی ڕێگری کردن لە بەدەستهێنانی خواستی مرۆڤەکانەوە ململانێ سەرهەڵدەدات.

هەروەها ململانێ لەنێوان ئاینەکانیشدا هەیە، دەتوانین بڵێین "زۆرێک لە ئاینییەکان بە شێوەی هێزگەلێکی مەزنی جیهانییان لێهاتووە و لە سیستەمی نێو نەتەوەییدا کاریگەری دادەنێن، ناکۆکی ئایینی دەتوانێ دووبەرەکی لەناو دەوڵەتدا یان لەنێوان دەوڵەتاندا توندتر بکاتەوە". (عومەر ،٢٠٠٥، ٥١). هەندێک جار ململانێی ئایینەکان سنووری یەک نەتەوە دەبەزێنێ و دەگاتە ئاستی فراوانتر لەنێوان دوو دەوڵەت یان دوو نەتەوە.

لەناو ئەدەبدا، (عەبدولڕەحمان مونیف) لەبارەی پەیدابوونی ململانێ وەک سیفەتێک لە ڕۆماندا دەڵێت: "لە ئەنجامی ئەو بەرەوپێشچوونە گەورە و بەردەوامەی لە چەندان شوێندا ڕوویدا، ئیتر لەنێو کۆمەڵگەدا بێت یان لەناو ڕۆماندا... چەمکی پاڵەوانیش بەردەوام دەگۆڕا و بەرەو پێشەوە دەچوو. ململانێ بووە سیفەتێکی سەرەکی ڕۆمان و هەر وەکو چۆن لە ژیانیشدا هەر وایە". ( مونیف ٢٠٠٦، ١٩) . بەم جۆرە لە دەقی ئەدەبیدا بەگشتی و لە پەخشاندا بە تایبەتی، ململانێ پانتاییەکی فراوان داگیر دەکات. دوای ئەوەی ئەوەشمان بۆ دەرکەوت کە خودی پرۆسەی داهێنان لە ئەدەبدا لە ئەنجامی ململانێوەیە لای نووسەر.

(کۆزەر) دەڵێت: "ململانێ وەک دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی شتێکی زیان بەخش نییە، بەڵکو بە پێچەوانەوە ململانی دەرئەنجامی پرۆسەیەکی تەندروستی کۆمەڵایەتی ناو کۆمەڵگەیە. ئەو کۆمەڵگەیانەی کە ڕێگا لە ململانێ ناگرن، کراوەی ئامادەبوونی ئەم سیستەمە سیاسییە و ڕێکخستنە کۆمەڵایەتییەمان بۆ دەردەخات کە ئامادەیە بۆ گۆڕان و گەشە". (فەتاح ، ٢٠٠٧، ١٠) واتە بە بڕوای کۆزەر ململانێ حاڵەتێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی پۆزەتیڤە. ئەم بۆچوونەی کۆزەر

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

تەواو لەگەڵ ڕاکەی (ڕاڵف دارندۆرف) یەک دەگرنەوە کە پێی وایە: "ململانێ یەکێکە لە پێویستییەکانی کۆمەڵگا و دۆخێکی پۆزەتیڤە و نەک نێگەتیڤ". (ئیبراهیم، 2008، 15) چونکە (کۆزەر) پێی وایە: ململانێ شەڕە لەسەر بەهاکان و جەنگێکە لەسەر نرخەکان و بە دەستهێنانی پێگەیەکە مافی هەموو کەس و کۆمەڵگەیەکە بە دەستی بخات و پێی بگات، بۆ ئەوەی کۆمەڵگە لە کۆت و بەندی ئاڵۆزی داخراویدا نەمێنێتەوە و لە گۆڕانکاری و گەشە بەردەوام دابێت، ئەمەش لە ڕێگەی پێش کەوتنی کۆمەڵگاوە دەبێت نەک لێکترازان و پەرتەوازە بوون.
لە کۆی ئەم پێناسانەی سەرەوە ئەوە بەدەست دەخەین کە ململانێ پرۆسەیەکی کۆمەڵایەتی و تاکایەتی ئاساییە و بەپێی لێکەوتەکانی دەبێتە ململانێی ئەرێنی و نەرێنی کە لە یەکەمیاندا ئامانج پێکراوە و لە دووەمیشیاندا ئامانج لەدەست چووە.

## 2/1) چەمك و زاراوە و پێناسەی ئایدۆلۆژیا

لەبەرئەوەی مرۆڤ بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتییە و هەردەم سەرقاڵی نیاتنانی پەیوەندی و تێگەیشتن و خوێندنەوەی دەوروبەرە، بۆیە کاریگەری لەسەر تاک دروست دەبێ و گۆشەنیگا و ڕامانی مرۆڤ لە هەمبەر دەوروبەر دەردەخات، بە واتایەکی دیکە؛ نێرین و جیهانبینی و هزر و بیرێک ناسنامەی ئایدۆلۆژیایەکی سەربەخۆیە و وەک سەکۆی گردبوونەوەی ئایدۆلۆژیی تاک و کۆمەڵیش خۆ دەنوێنن. ئەمە وابەستە نییە بە مێژوویەکی دیاریکراو، بەڵکو بە پێی کات و سەردەم هەردەم لە نوێبونەوە و گۆڕاندایە ، چونکە ئایدۆلۆژی بەری ڕەنجی تاک و هەندێکجاریش کۆمەڵە.
"هانا ئارنێت" لە ڕەهەندی زمانەوانییەوە بەم چەشنە هەوڵی ناساندنی زاراوەکەی داوە و دەڵێت: "ئایدۆلۆژیا زاراوەیەکی لێکدراوە لە وشەی) ئایدیۆ (Idio و پاشگری) لۆجی (Logy پێکدێت، هەرچی یەکەمیانە (ئایدیا) واتایەکی میتافیزیک و فەلسەفی هەیە کە لە خەیاڵ و هزری مرۆڤ ڕاپێچ دەکات بەرەو ئەو شتانەی کە واقیعی و بەرجەستە نین، بەڵام (لۆجی) واتایەکی زانستی دەبەخشێت، زیاتر پەیوەستە بەو شتانەوە کە دەکرێت ئەزموون بکرێن و لەسەر زەمینی واقیع تاقی بکرێنەوە ."(arendtئارنێت ٢٠٠٧ ، ١٢)، بەمەش خودی زاراوەکە ڕەگ و ڕیشەیەکی فەلسەفی هەیە بە واتای "زانستی بیرەکان" دێت، ئەگەر لە ڕووی زمانیشەوە سەیر بکەین لە

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

دوو وشەی سادە پێکدێت: یەکەمیان واتای (بیر) و ئەوەی تریان بە واتای (زانست) دەگەینێت بە لێکدانی هەردوو وشەکەیش، دەبێتە (زانستی بیرەکان).

سەرهەڵدانی زاراوەکە بۆچوونی جیاوازی لە خۆ گرتووە ، هەندێک دەیگەرێننەوە بۆ زمانی فەرەنسی و هەندێکی تر بۆ شارستانیەتی کۆنی یۆنانی، ئەمەش دەگەرێتەوە بۆ فرە رەهەندی و تێروانینی جۆراوجۆر لە خودی وشەکەدا، بەڵام دەکرێت بڵێین "بنچینەی وشەکە دەگەرێتەوە بۆ شارستانیەتی کۆنی یۆنانی، لەبەر ئەوەی زۆربەی وشە و زاراوە و چەمکە فەلسەفی و هزرییەکان پەیوەستن بە زمانی مەڵبەندی یەکەمەوە ئەویش شارستانیەتی گریکە، وەک "تۆم بۆتۆمۆر" لە کتێبی (قوتابخانەی فرانکفۆرت)دا بنچینەی وشەکە دەگەرێنێتەوە بۆ یۆنانییەکان وپێی وایە "ئایدۆلۆژیا وشەیەکی داتاشراوە لە هەردوو واژەی یۆنانی (Ideo) واتا بیرۆکە و (Logos) واتا زانست، بە تێکرا بە واتای بیرناسی دێت"، (بۆتۆمۆر . ٢٠١٣ ، ١٩٥) ئەم بۆچوونەی بۆتۆمۆر بەرمەبنای ئەم پاشخانە قووڵە و کاریگەرەی شارستانیەتی گریکی دێت، کە وەک میرات بۆ رۆمانەکان ماوەتەوە .

لەلایەکی دیکەوە لەهەمبەر بەکارهێنانی زاراوەکە لە چوارچێوەی فۆرمی"ئایدۆلۆژیا" بەتایبەت وەک تێگەیەک لە بەستێنی مێژووییدا "دەگەرێتەوە بۆ سەردەمی شۆرشی فەرەنسی هاوکات وشەی ئایدۆلۆژیا بۆ یەکەمجار لە نێوان ساڵانی (١٧٩٤ – ١٧٩٨) لە لایەن (دیستوویت دی تراسی) بەکارهێنرا، ئەویش لە کاتی پێشکەشکردنی راپۆرتێکدا بوو بە ناوی هێزی هزر" . (اندرو ، ١٩٩٥ ، ١١).

سەبارەت بە پێناسەی ئایدۆلۆژیا ، لە (فەرهەنگی شیکارانەی زاراوەی ئەدەبی) بەم شێوە پێناسە کراوە: " کۆمەڵە بیروڕایەکە نوێنەرایەتی پێداویستی و خواستە کۆمەڵایەتییەکانی تاکە کەسێک، تاقم، چین، کەلتوورێک دەکات (سەجادی، مەحموودی ٢٠٠٤ ، ١٦)، لەم پێناسەیەدا بواری کۆمەڵایەتی مرۆڤ پیویستی بە ئاراستە کردن هەیە. لەم نێوانەشدا ئایدۆلۆژیا وەک نوێنەرایەتی چینێک یاخود کۆمەڵێك دەکات کە دواجار مۆرک و ناسنامە و بیرو باوەڕی ئەو کۆمەڵەیە دەردەخات .

لە دیدی مارکسەوە "ئایدۆلۆژیا سیستەمێکی بیرۆکەی درۆینەیە کە لەلایەن پێکهاتە دەسەڵاتدارەکانی کۆمەڵگاوە (وەک بەرژەوەندیەکانی گەورە بورژوا) دروست دەکرێت، بۆ ئەوەی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ڕاستییە کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکان بشارێتەوە و کۆمەڵگا لە ژێر کۆنترۆڵی خۆیدا بهێڵێتەوە. ئەمەش لە ڕێگەی نەریت، ئایین، میدیاکان، و سیستەمی پەروەردەیی ڕاستگۆینەکراوەوە جێبەجێ دەکرێت" (سیبیزکین، ٢٠٠٧، ٣٥). لێرەدا مارکس ئاماژە بەوە دەکات کە ئایدۆلۆژیا بیرۆکەی هێلکاری کراوی دەسەڵاتدارانە بۆ ئەوەی ڕاستیەکان لە کۆمەڵگا بشارێتەوە، لە ژێر کۆنترۆڵی خۆی کۆمەڵگا بهێڵێتەوە، ئەویش لە ڕێگای داب و نەریت و ئایین و هەر سیستەمێک کە خۆیان دەیانەوێت ، نموونەی ئەمەش وەک بیرۆکەی ئازادی کاپیتالیستی کە تەنها بەرژوەندی گەورە بورژوای پاراستووە.

لە پێناسەیەکی دیکەدا توێژەر (د. شوکری عەزیز مازی) سەبارەت بە پێناسەی ئایدۆلۆژیا دەڵێت: "ئایدۆلۆژیا بە واتای زانستی بیرەکان دێت، یان سیستەمێکی بیر و تێگەیشتنی کۆمەڵایەتییە، یاخود کۆمەڵێک پێشبینیە کە دەربڕین و هەڵوێستێکی دیاریکراو بە ئاراستەی پەیوەندی نێوان مرۆڤ و ژینگە و جیهانی کۆمەڵایەتییەوە پێشکەش دەکات". ( د. الماضی ، ١٩٩٣ ، ١٢٣ ) لێرەشدا ئەم بیر و هزرانەی کە مرۆڤ بەبنەمای پێوەندییە کۆمەڵایەتیەکانییەوە دەریان دەبڕێت، وەک ئایدۆلۆژیا سەودایان لەگەڵ دەکرێت. جا لە هەندێک باردا ئەم بیروهزرانە دەبنە ڕێ و ڕێزانی ئەم سیستەمەی کە کۆمەڵگەکان پەیڕەوی لێ دەکەن .

لە فەرهەنگی (ئۆکسفۆرد)دا بەم جۆرە پێناسەی ئایدۆلۆژیا کراوە: "سەکۆی پێشاندانی بیرۆکەکانە، کە تایبەتمەندیی کەسێک و گرووپێک نیشان دەدات، هەروەها بنچینەی سیستەمێکی ئابووری و سیاسییە" (Horenby , 1974 , 428)، لێرەدا ئەوەی ئەو پێناسەیە لە هی پێش خۆی جیادەکاتەوە ئەویە کە ئەو بیرو باوەڕو بیرۆکەیە وەک سیستەمێک مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت و گوتارە ئابووری و سیاسییەکانی لەسەر بنیات دەنرێت و نەخشەڕێگاکانی پێ بۆیە دەکرێت.

### ٣/١) چەمك و پێناسەی ململانێی ئایدۆلۆژی

لە تەوەرەکانی پێشتر باسی چەمکی ئایدۆلۆژیا، و چەمکی ململانێمان کرد، لە ڕووی پێکهاتەوە چەمکی ململانێ بریتی بوو لە ڕکەبەری، یان بەربەرەکانی، کە بە هۆی دوو تیرۆانینی بە یەک ناکۆک، یان دژ بە یەک. هەروەها چەمکی ئایدۆلۆژیا بریتی بوو لە زانستی بیرەکان، یان بیرناسی،

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

کەواتە بە لێکدانی هەردوو چەمکەکە دەبێتە ململانێی ئایدۆلۆژی، یان ناکۆکی زانستی بیرەکان. لە ڕووی زاراوەش ئەگەر سەیری بکەین لە زمانی ئینگلیزی پێی دەگوترێت (Ideological Conflict)یاخود(Ideological Struggle) ، هەروەها لە زمانی عەرەبی (الصراع الایدلوجی) یان (التنافس الایدلوجی) بەکاردێنن، لە زمانی فارسیشدا (کشمکش ایدئولوژیک) یاخود (تقابل ایدوئولوژیک) بەکاردێت، لە زمانی کوردیش (ململانێی ئایدۆلۆژی) یان (پێکدادانی ئایدلۆژی) دێت، بەڵام بە زۆری ململانێی ئایدۆلۆژیا بەکاردێت.

(مونیر شەفیق ) پێی وایە "ململانێی ئایدۆلۆژی وەک چەکێکی مەعنەوی لە جەنگدا کار دەکات، کە ڕەهەندێکی ماددی هەیە بۆ دەست بە سەرداگرتنی سامان کە لایەنێک بە کاری دەهێنێ بۆ ڕەخنەگرتن لە دوژمنی، ئەم چەکە سەرەڕای کاریگەرییەکەی، بە تەنیا بڕیاری جەنگ نادات، بەڵکو لەگەڵ هۆکارەکانی وەک چەک، سەرباز، سەرکردایەتی و دەروونیدا کاری خۆی دەکات". (شفیق، ٢٠٢٣، ١٩). واتە هەرچەندە ململانێ ئایدیۆلۆژی وەک چەکێکی ئەخلاقی کار دەکات بۆ دەست بە سەرداگرتنی سامان کە لایەنەکان بە کار دێنن، بەڵام بەتەنیا نا، بەڵکو ئەویش، بە هاوکاریی چەک و سەرباز وشەڕی دەروونی دەبێت.

لە کتێبی (سراع الایدلوجیات)دا بەم شێوە پێناسەی چەمکی ململانێی ئایدیۆلۆژی کردووە: "لە شەقامە پڕ لە هاش و هوشی شارە جیهانیەکان تاکو کۆیلە دوورە دەستەکانی کۆمەڵگە گوندییەکان ئایدۆلۆژییەکان بەردەوام لە ململانێدان گفتوگۆ دەکەن ململانێکان زیاد دەکەن، مێژوو دەگۆڕن، بەڵام لە ژێر ڕووی ئەم ململانێیانە ئایدۆلۆژیانە بە هەموو شێوەکانی بەڵێنی پێشکەوتن و ئەگەری ئاشتی و توانای دروستکردنی ڕۆژێکی ڕووناکتریان هەیە". (البیاتی، ٢٠٢٤، ٦ ). ململانێ ئایدۆلۆژی زۆر بەرفراوانە و بە جۆرێکە دەتوانیین بڵێین لە هەر کوچەکی ئەم جیهانە ئەگەر سەیر بکەین، بەردەوام ململانێی ئایدۆلۆژی ڕوو دەدەن. ئەمەش دەبێتە هۆی گۆڕینی مێژوو، ئەم ململانێیانە توانای خوشگوزەرانیان هەیە، و دەتوانێ سوودی لێ وەربگرێت بۆ گۆڕینی بارێکی باشتر لەوەی کە هەیە، بە واتای ئەوەی ململانێی ئایدیۆلۆژی تەنیا بۆ توندوتیژی نییە کە بیری لێ بکرێتەوە، بەڵکو دەتوانرێت سوودی هەبێت و بۆ گۆڕینی کۆمەڵگە بەرەو باشتر، یاخود هەوڵ بدرێت ململانێکان بۆگۆڕینی لایەنی ئەرێنی بە کاربهێنرێت، هەر وەک چۆن ئایدۆلۆژیا سەرەکییەکان وەک لیبرالیزم، سۆشیالیزم لە یەک کاتدا پەرەیان سەندووە کاریگەری

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

لە گۆڕانکاریی ئابووری کۆمەڵایەتی سیاسییەکان وەرگرتووە، ئەمانە لە یەک کاتدا دژی یەکن و تەواکەری یەکیشن، چونکە "هەر بیروباوەڕێک بۆ خۆی ڕێگەیەکی جیاوازی هەیە بۆ بینینی ململانێ و چارەسەرکردنی، هەندێک وەک توندوتیژی و شەڕ، هەندێکیش وەک گفتوگۆ و کێشەی پەیوەندی دەبینن، هەندێک دەڵێن خۆپەرستبە و بەشەکەی تریش دەڵێن یارمەتی وەرگرە لە ناوەندیگرێک، ئەنجامی ئەمەش یان لایەنێک سەرکەوتوو دەبێت، یان هەردوو لا سوود وەردەگرن ".(floger, 2006, 12). ئەمە هەر چۆنێک بێ، ئەو ڕاستیە ناگۆڕێ کە ململانێی ئایدۆلۆژی بەرهەمی دژە ڕەوت، فیکر و قوتابخانەی جیاوازی بیرکردنەوەیە.

لە دیدی (جۆزێف فۆڵگەر)، ململانێی ئایدیۆلۆژی دوو لایەنەیە، کە هەر لایەنێک ڕێگایەکی جیاوازی هەیە لە ململانێ کردن، بە جۆرێک هەندێک لایەن پەنا بۆ توندوتیژی و شەڕ دەبەن بۆ سەرکەوتن بە سەر لایەنی دووەم، وەک خۆپەرست سەیریان دەکات، بەمەش لایەنی یەکەم سەرکەوتوو دەبێت. لە هەمان کاتیش لایەن هەیە پەنا بۆ گفتوگۆ یاخود داوای یارمەتی دەکات، لە نێوەندگیرێک وەک لایەنی سێیەم، لەم بارەدا هەردوو لایان بە سوود و قازانج بۆیان دەشکێتەوە .

لێرەدا دەتوانین بڵێین، ململانێی ئایدیۆلۆژی پرۆسەیەکی فرە بیرۆکەیە، هەر زانا و لێکۆڵەرێک لە ڕوویەکەوە سەیری دەکەن. هەندێکیان بە هۆی جیاوازی و ناکۆکی ئایدیۆلۆژیبان لێکی دەدەنەوە بۆ زیاتر کۆنترۆڵ کردن دەستی بۆ دەبەن، واتا زیاتر بە لایەنی نەرێنی سەیری دەکەن. هەندێکی تر پێیان وایە بە ململانێی ئایدیۆلۆژی کۆمەڵگە زیاتر لێک نزیک دەبنەوە و سوود لە یەکتر وەردەگرن، بە لایەنێکی ئەرێنی سەیری دەکەن. هەندێکی تریان ململانەی ئایدیۆلۆژی بە دوو سەرە سەیری دەکەن کە لە یەک کاتدا هەم ئەرێنییە، ئەگەر بە ڕێگای لێک نزیک بوونەوە و گفتوگۆ و هاتنی لایەنی سێیەم، ئەوە بە سوودی هەردوو لایان کۆتایی دێت، هەمیش نەرێنییە ئەگەر لایەنی یەکەم خۆپەرست و خۆ بە گەورە زان بزانێت و گوێ لە لایەنی دووەم نەگرێت، ئەنجامی ئەمەش شەڕ و ناخۆشی لێ دەکەوێتەوە. نموونەی ئەم بارانەی سەرەوە لە مێژوو و لە کاتی ئێستادا زۆرە وەک (ململانێی کۆمینیزم و کاپیتالیزم) لە سەدەی بیستەم، و یاخود ململانێی ئایدیۆلۆژیای ئایینی وەک (شەڕی خاچپەرستەکان یان ناکۆکی سوننە و شیعە) یان ڕەوتی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ڕزگاربوونی نەتەوەیی کە (گرووپەکان بۆ سەربەخۆیی لە دژی ئیمپراتۆرەکان شەڕیان کردووە)، هەروەها ململانێی (لیبرالیزم و کۆنسێرڤاتیزم) و (سیکولاریزم).

ئەگەر لە ڕووی ئەدەبییەوە پێناسەی چەمکی ململانێی ئایدیۆلۆژی بکەین، هەرچەندە لەو سەرچاوانەی بە دەستمان کەوتن و بە دوای گەڕاین، هیچ سەرچاوەیەک بە شێوەیەکی تیۆری پێناسەی ئەم چەمکەی نەکردبوو. هەر بۆیە لە ڕوانگەی تێگەیشتن لە چەمکەکە و نموونەی شیکردنەوەکان، ململانێی ئایدیۆلۆژی لەناو دەقی ئەدەبی دەکرێ بەم شێوەیە پێناسە بکەین: بریتییە لە ڕەنگدانەوە، بەرجەستەکردن و پێکدادانی سیستەمە فکری و بیر و باوەڕە جیاوازەکان لە چوارچێوەی دەقی ئەدەبیدا. ئەم چەمکە دیاردەیەکی ئاڵۆزی ئەدەبی-کۆمەڵایەتییە کە نووسەر بە شێوەیەکی هونەری واقیعی کۆمەڵگەکەی و ململانێ دەخاتە ڕوو، جا لە ڕێگەی شیعر بێت، یان چیرۆک، یان ڕۆمان.

لێرەدا ئەگەر سەیری چەمکەکە بکەین، نووسەر بە شێوەیەک ململانێی ئایدۆلۆژی لەناو دەق ڕەنگ دەداتەوە کە باس لە بیروباوەڕە جیاوازەکان دەکات، جا بە هەر هونەرێکی ئەدەبی بێت، چ لە ڕێگەی شیعر نووسین بێت، یان لە چیرۆک، یاخود لە ڕۆمان. لەو ڕێگایەوەش تەنها ناکۆکییەکان پیشان نادات، بەڵکوو ڕەخنە دەگرێت و هەوڵی گۆڕینی کۆمەڵگەش دەدات. هەمیشە لەنێو دەقی ئەدەبی لە ڕێگەی هێما، کارەکتەر،یان دیالۆگەوە دەبینرێت.

سەبارەت بە پێناسەی ململانێی ئایدیۆلۆژی "بریتییە لە ناکۆکی نێوان دوو گرووپ یان زیاتر لە بیرۆکە، بەهای کۆمەڵایەتیی یان سیاسیی کە پێشبڕکێیان لەگەڵ یەکتردا هەیە. ئەم ململانەیە کاتێک ڕوودەدات کە باوەڕ و بیرۆکە سەرەکییەکان جیاوازن و هەوڵ دەدەن کۆنترۆڵی کۆمەڵگە بکەن، یان کاریگەری لەسەر دروست بکەن.(Haque & Islam & Tohfa, 2018,3). "

واتە ململانێی ئایدۆلۆژی بەهۆی بەها کۆمەڵایەتیی و سیاسییەکان ڕوودەدات، بەمەرجێک چ بەها و چ سیاسەتەکە بەرهەم و لێکەوتەی فیکربن و بەهۆی ئەمەشەوە ڕوانینیان بۆ بابەتەکە جیاواز بێ و هەریەکەیان هەوڵی کۆنترۆڵ و کاریگەری دروستکردووە لەسەر ئەوی دی، بۆیە ئەم ململانێیە کاریگەری دەبێت لەسەر پێشبڕکێی سیاسی یان ناکۆکی کلتووری، یان ناکۆکی ڕەگەزی یان ناکۆکی ئایینی، زۆر جاری دەبێتە هۆی کێشە و توندوتیژی لێدەکەوێتەوە.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

لەبارەی ململانێی ئایدۆلۆژییەوە، پێناسەی ووردتر هەن بەوەی "بریتییە لە ململانێیەک لە نێوان دوو بلۆکی ئایدۆلۆژی جیاواز کە دەگاتە ئاستی جەنگێکی گەرم. بەڵام بەبێ بەکارهێنانی چەک، ئەم جەنگە بریتییە لە ململانێی ئایدیۆلۆژیا". (عائشة، ٢٠١٣-٢٠١٤، ٣٤).
ئەم دوو بلۆکەی ئایدۆلۆژیایە بەرهەمی دوو بلۆکی فیکری جیاوازن کە هەریەکەیان بە تەنگ شوێنکەوتوانی خۆی بەو شێوەیە ئاراستە بکا کە خۆی دەیەوێ.
لە کۆتاییدا دەتوانین بڵێین ململانێی ئایدۆلۆژی: بریتییە لە ناکۆکی نێوان دوو باوەڕ یاخود دوو تێڕوانینە کە هەریەکەیان هەوڵ دەدات بە سەر ئەوی دیکە زاڵ بێت، یاخود کاریگەر بێت و بیرۆکەی خۆی بسەپێنێت .

## ٤/١) ڕۆمان و ئایدۆلۆژیا

ڕۆمان ژانرێکی نوێی ئەدەبییە و دەگەڕێتەوە بۆ سەدەکانی ناوەڕاست و دەکرێت بڵێین پێناسەکەی سەخترە لە شیعر لەبەر ئەوە "بۆ زیاتر لە ڕەگەزێکی ئەدەبی بەکارهاتووە و کە سەدەکانی ناوەڕاست وشەی (Roman) هاوتای وشەی چیرۆک بووە لە زمانی میللی ڕۆمانی" (مستەفا، ٢٠١٨، 6). ڕۆمان خاوەنی هەندێک تایبەتمەندی پڕ ڕاز و پەنهایە، هەروەها ڕۆمان ژانرێکە زۆر لەگەڵ واقیع تەبایە، بەردەوام ژیانێکی شایستە بۆ تاکەکانی نێو کۆمەڵگا پێشنیاز دەکات، کەواتە واقیعی بوونی ڕۆمان پەیوەستە بە ڕەنگدانەوەی لە ژیانی ڕۆژانەدا، هەروەها ڕۆمان چەندین جۆر لە خۆ دەگرێت لەوانە دەروونی و پەروەردەیی و ئایدۆلۆژی و فەلسەفی و سیاسی و کۆمەڵایەتی و مێژوویی و شەپۆلی هۆش...هتد.
ڕۆمان "دەقێکە یارمەتیمان دەدات باشتر لە خۆمان و دەوروبەرمان تێبگەین، هۆشیاریمان فراوان دەکات، ڕێ چارەی کێشە و گرفتەکانمان پیشان دەدا" . (ئەلۆەنی، 2017، 75).
هۆشیاریی خۆی ئایدیۆلۆژیایەکە لە دەقەوە چەکەرە دەکات و پانتایی هزر و بیرکردنەوەی تاک دەگرێتەوە، زۆربەی ڕۆمانەکان کار لەسەر هۆشیارکردنەوەی تاک دەکەن، لە لایەکی دیکەوە، ئەو هۆشیارییە ئایدیۆلۆژییەی هەیە، بەشێکی سەرەکییە لە بنیادنانی ناوەرۆکی ئایدیۆلۆژی لە ڕۆماندا.

(حەمید لحمێدانی) لە کتێبی (النقد الريوائی الايدولوجيا)دا بۆچوونی وایە: "ئایدۆلۆژیای ڕۆمان بنچینەیەکی ئیستاتیکییە و ئامرازێکە بووە بە دەست ڕۆماننووسەوە بۆ وێناکردنی جیهانە تایبەتییەکەی." (لحمیدانی ١٩٩٠، 33). ئەمەش خالی جیاکەرەوەی لەنێوان ئەو ئایدۆلۆژیایەی لەناو ڕۆماندا دەمەزرێنرێ، لەگەڵ ئایدۆلۆژیای دەرەوەی ڕۆمان و دەقی ئەدەبی، چونکە لە ڕۆماندا ئایدۆلۆژیا دەبێ مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت جوانی بداتە دەقەکە، بەڵام لە دەرەوی دەق ئایدۆلۆژیا پتر چاوەڕوانی ئاراستە کردنی دروست و وەدەستخستنی ئەنجامی لێدەکرێ .

لە لایەکی دیکەوە: "هۆشیاری و ئایدۆلۆژیا لە دەقی ڕۆماندا وێنەیەکە لە هەستی ڕۆماننووس، گێڕەرەوەش جێبەجێکاری ئەو هەستەی ڕۆماننووسە." (مەنتک، ٨٧، 2013.) ڕۆماننووس ڕۆڵێکی سەرەکی دەبینێت لە بەرجەستەبوونی ئایدیۆلۆژیای ڕۆمان و تەکنیکی ڕۆماننووسە بۆ لایەنی ئیستاتیکا و بە پێزکردنی دەق، لە پاشان گێڕەرەوە و کارەکتەرەکانیش بەشدارییەکی کاریگەرن لەم پرۆسەیەدا، هەروەها "لە ڕێی دیالۆگەوە ئاست و شێوازی بیرکردنەوەی کەسێتییەکە دەردەکەوێت، سەر بە چ ناوەندێکە، ئەنجامی دیالۆگ ئەو هێزە پاڵنەرەیە، کە ڕووداوەکان بەرەو پێش دەبات یارمەتی ئەوە دەدات هەڵوێستەکان بە ئەنجام بگەن و کامل بن لە پێناو بەرجەستەکردنی ژیانێکی ڕاستەقینەدا، یان ئەوەی کە لە ژیانێکی ڕاستەقینە بچێت" (مۆنیف، 2006، 29). دیالۆگ تەکنیکێکی گرنگە لە نووسینی ڕۆماندا ڕەنگە لە تەکنیکە هەرە گونجاوەکانیش بێ کە یارمەتی ڕۆماننوس دەدەن هەتا فیکرەکانی خۆی بخاتە ڕوو هاوکات یارمەتی خوێنەریش دەدا تا بزانێ کارەکتەرەکانی ناو ڕۆمانەکە سەر بە چ بیر و ئایدۆلۆژیایەکن.

لە لای (جۆرج لۆکاش) "ڕۆمان بەرهەمی هەلومەرجێکی دیاریکراوی مێژوویی و کۆمەڵگایەکە، کە دیوە کۆمەڵایەتییەکەی دەکاتە پێکەوە ژیانی تاکەکان و هیچی تر، بە واتایەکی تر فۆڕمێکی سەمبول ئامێزی گوزارشتکردنە و پەیوەندی بە جۆرە کۆمەڵگایەکی تایبەتەوە هەیە" .(یاقووب، 2012، 5) لێرەدا (لۆکاش) تیشکی خستۆتە سەر دیوی کۆمەڵایەتی ڕۆمان، ئەویش کێشە و ململانەی نێوان چینی باڵادەست و چینی خوارەوە، بەندە بە ڕووداوی کۆمەڵایەتی و گۆڕانکاری مێژوویی نەتەوەیەکی دیاریکراو، لەبەر ئەوەی لە بنچینەدا ڕۆمان وێنەیەکە لە ئازاری نەتەوەیەک و جیاواز لە نەتەوەیەکی دی، هەروەها "ڕۆمانی ڕیالیستی بە شێوەیەکی بابەتیانە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بە تەنگ کێشەکانی ژیانی ڕۆژانەی خەڵکی ئاسایی بوو کە سەر بە چینی خواروو و ناوەڕاستی سەرەتاکانی کۆمەڵگای سەردەم بوون" . (یاقووب، 2015، 64).

لۆکاش لەسەر بۆچوونەکانی بەردەوام دەبێ و دەنووسێ "ڕۆمان لە ڕووی ناوەڕۆکەوە ململانێیە ئایدۆلۆژیای بۆرژوازی سەرکەوتووە و دژ بە دەرەبەگایەتی بەرەو ئاوارە چوو لە دایک بووە". (گەرمیانی، 2019، 44).

لە کۆتایی دەگەینە ئەوەی ئەرکی ڕۆمان بە گشتی ڕۆمانی ڕیالیستی بە دیاری کراوی دەرخستن و پیشاندانی کێشە کۆمەڵایەتیەکانە، ئەو کێشانە زیاتر بە هۆی ناکۆکی لە ئایدیۆلۆژیای نێوان چینە پێکهێنەرەکانی کۆمەڵگا دروست بووە، لە لایەکی دیکەوە ڕۆمانی ڕیالیستی ڕۆڵی نەرێنی چینی سەرمایەداری و باڵادەست دەخاتە ڕوو، دواتر ڕەخنە لە چەوساندنەوەی چینی خوارەوە دەگرێت، هەموو ئەمانەش لە ڕیالیزمی سۆشیالیستیدا ڕەنگی داوەتەوە بە شێوەیەک دەربڕی ئایدۆلۆژیای چەپ و سۆشیالیزم بوو بە تایبەتی لە دوای ساڵی (1917)ەوە، ئەم هەوڵانە زیاتر بوونە، بۆیە لەم ڕووەوە "ئایدۆلۆژیای مارکس و لینینیزم لە دوای شۆڕشی ئۆکتۆبەرەوە بوونەتە بنەمای ئەدەبیاتی سۆشیالیستی کە ئەدەبیاتێکی پەیوەستیش بووە بە دەسەڵات و دەوڵەتەوە و هەوڵی داوە نموونەی شۆڕشگێڕی و کۆڵنەدان پێشکەش بکا... نوسەر ئەدەب و هونەر دەکاتە قوربانی ئایدیۆلۆژیەتی سۆشیالیستی" . (محمد، 2014، 25، 26).

## ٥/١) سیما و تایبەتمەندیەکانی ڕۆمانی ئایدۆلۆژی

پەیوەندییەکی پتەو لە نێوان ئایدۆلۆژیا و ڕۆماندا هەیە، زۆر جار بە دەگمەن دەبینرێت ڕۆمان خاڵی بێ لە ئایدۆلۆژیا، بۆیە "ڕۆمان شوێنی کۆبوونەوەی ئایدیۆلۆژییەکانە، یان توخمی ئایدیۆلۆژیا، چینەکانی ناو کۆمەڵ، کە لە ململانێدان" (بلحسن، 1984، 104).

مەبەست لە ڕۆمانی ئایدۆلۆژی، هەڵوێستی ڕۆماننووسە لەوەی چۆن دەیهەوێت ڕۆمان بکاتە کەرەسە و بنەمایەک بۆ ئەوەی گوزارشت لە ئایدیۆلۆژیاکەی بکات، چونکە "ئایدیۆلۆژیا لە ڕۆماندا ڕەگەزێکی ئیستاتیکییە لە پێناو وێناکردنی هەمووان (کلی) کە وێناکردنی ڕۆماننووسە دەخرێتە کار" . (لحمیدانی، ١٩٩٠، 23). واتا ڕۆماننووس لە ڕێی ڕۆڵی کارەکتەرەکانیەوە هەڵوێست و ئایدیۆلۆژیای خۆی بنیاد دەنێت.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

کەواتە، (نووسەر) ڕۆڵێکی بنچینەیی هەیە لە ڕەنگدانەوەی ئایدۆلۆژیای ڕۆمان. لێرەدا "چەمکی ڕۆمان وەک ئایدۆلۆژیا چەمکێکە لە لایەن نووسەرەوە پەیڕەو دەکرێت و ئایدیۆلۆژیا دەهێنێتە ناو دەقی ڕۆمان، ئینجا ئایدیۆلۆژیای خۆی بەسەر دەقەکە زاڵ دەکات، لێرەوە جیهانبینی ڕۆماننووس بەسەر دەق دەردەکەوێت). (مەنتک 2021، 761). هەر ڕۆماننووسێک کاریگەرە بە ئایدیۆلۆژیایەکی سیاسی دیاریکراو، بە دڵنیاییەوە ئەو پاشخانە ئایدیۆلۆژییە لە کەسایەتی نووسەر بەدیدەکرێت و لە بەرهەمەکەیدا ڕەنگی داوەتەوە.

لە ئەدەبی جیهانیدا، گەر خوێندنەوەیەکی ورد بۆ ڕۆمانی (دایک)ی (ماکسیم گورکی) بکەین، دەبینین ئەم ڕۆمانە بە کاریگەری بیری سۆشیالیستی نووسراوە. بەرهەمەکە دەربڕی ئەدەبێکە لە چینی پرۆلیتاریا، باس لە خەباتی کرێکاران دەکات بۆ بەدەستهێنانی مافەکانیان، واتە بە کاریگەری ئایدیۆلۆژیای چەپگەرە ئەم ڕۆمانە نووسراوە.

یەکەم ڕۆمانی کوردی کە ئایدۆلۆژیای تێدا بەرجەستە هەر خۆشی یەکەمین ڕۆمانی کوردییە (شقانی کوردی)ی عەرەبی شەمۆیە کە کارەکتەری ڕۆمانەکە، هاوشێوەی ڕۆماننوسەکە بەلشەڤین، کۆی ڕۆمانەکەش ئامرازێکە بۆ خستنە ڕووی ئایدۆلۆژییای بەلشەڤی. دوای عەرەبی شەمۆ، ڕۆمانی ئایدۆلۆژی دیکەشمان هەن، لەوانە (ژانی گەل) کە باسی خەباتی نەتەوەیی و قۆناغێکی مێژوویی گەلی کوردا دەکات، ئەمەش ڕەنگدانەوەی ئایدیۆلۆژیای قۆناغ و سەردەمی خۆیەتی. هەروەها چەندان نمونەی تر هەن لە ئەدەبی کوردی، وەک ڕۆمانی (ئاشتی کوردستان)ی (محمد ساڵح سەعید) کە ئاماژە بە خەباتی جوتیاران و ڕەنجبەران دەکات لە دژی ستەمکاری دەسەڵاتی دەرەبەگایەتی، کە بەردەوامن لە زەوتکردن و بە هەدەردانی بەری ڕەنجی جووتیاران. دەکرێت بڵێین : ڕۆماننووس لەم ڕۆمانەدا کاریگەری ئایدیۆلۆژیای چەپگەرای بەسەردا زاڵە. هەروەها زۆرێک لە ڕۆمانەکانی (بەختیار عەلی) ڕەنگدانەوەی ئایدیۆلۆژیای نووسەری تێدا بەدی دەکرێت، بۆ نموونە: یاخیبوون لە داب و نەریتی کۆمەڵگە، لە ئایین، لە حیزبێک، لە بارودۆخێک، لە دەسەڵاتدارانی کوردستان، لە بارودۆخی سیاسی. دیارترین نموونەش ڕۆمانی ("شاری مۆسیقارە سپییەکان)ە کە هەر لە ناونیشانەکەوە دیارە باس لە شوێنێک دەکات کە شارێکە و خەڵکەکەی وەکوو کۆتری ئاشتین و دژی جەنگ وماڵوێرانین، حەز بە ئاشتی دەکەن.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

یەکێک لە سیما دیارەکانی ڕۆمانی ئایدیۆلۆژی ململانێ و دەمارگیرییە. (حەمە مەنتک) لە کتێبی (ئارکیۆلۆژیای پۆلینی ڕۆمانی کوردی)دا دەڵێت: "هاوکات دەمارگیری یەکێکە لە خاسییەتەکانی ڕۆمانی ئایدۆلۆژی، چونکە ڕۆماننووس لە هیچ پێوەر و بنەمایەکی ئایدیۆلۆژیاکەی لانادات، پێداگیرە لەسەر ئەوەی تاک و کۆمەڵ پێڕەوی بکەن و بە تاکە فریادڕەسی دادەنێن، بۆیەش بەردەوام داوا دەکات لە ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیریدا پێڕەوی لێ بکرێت، بە ئامانجی پتر بڵاوکردنەوەی ئایدیۆلۆژیاکە" . (مەنتک 2021، 762). ڕۆماننووس کەشێکی پڕ لە ململانێ و دەمارگیری لە نێوان کارەکتەرەکان دەسازێنێت، واتە ئەم شێوازە بۆ دیالۆگی ئایدیۆلۆژیای نێوان کارەکتەرەکان و بەرەوپێشچوونی ڕووداو و پێشهاتە ئایدیۆلۆژییەکانە، ئەمەش خۆی وێنای ئایدۆلۆژیای ڕۆمانە، بە گشتی ئایدۆلۆژیا وەکو لایەنی گرینگی ئیستاتیکی و هونەری دەخرێتە ڕوو، "ڕۆماننووس ئەو جیهانەی کە وەسفی دەکات و هەستی پێ دەکات بەڕوانینی خۆی، یان گێڕەرەوە یان یەکێک لە کارەکتەرەکان هەڵدەسەنگێنێت." (ئاودەڵی، 2010، 21). ڕۆماننووس لە هەوڵی مەزراندنی ئایدیۆلۆژیاییە لە دەق دا، جا بە پێی ئەو جیهانبینییەی و ئایدلۆژیایەی کە لە ناخیدا پەنگی خواردووەتەوە، زۆر جار ڕاستەوخۆ هەستی پێ دەکرێت، هەندێک جاریش ون دەبێت، گێڕەرەوە ئەو ڕۆڵە دەبینێ، هەندێک جاریش خودی کارەکتەر ئەو ئەرکە ڕادەپەڕێنی لە ڕێی گفتوگۆ لەگەڵ کاراکتەرەکانی دیکە، هەر کارەکتەرێکیش بەرگری لە ئایدۆلۆژیای خۆی دەکات، هەندێک لەو کارەکتەرانە وەکوو نەتەوە پارێز، هەندێکی دی وەک کارەکتەری ئایینی و مەزهەبی، یان میارەو توندڕەو یاخود فاشی، خۆیان دەنوێنن.

هەروەها ئایدیۆلۆژیا لەسەر زمانی کارەکتەرەکان دەردەکەوێ، چونکە (زمان) ئامرازێکە بۆ دەربڕینی ئایدیۆلۆژیا، ئەویش لە ڕێگەی کارەکتەری گێڕەرەوە ناسنامە و ئایدۆلۆژیای کارەکتەرەکانی دیکەمان بۆ ئاشکرا دەبێت، چونکە "هەبوونی زمانی جۆراوجۆر یان پێویستی بوونی هەمەجۆری لە ناو یەک ڕۆماندا، بە هۆی ئەوەوەیە کە چەندین کەسی تێدایە، بە چەندین شێواز قسە دەکەن، هەر کەسە و دەنگی تایبەت بە خۆی هەیە لە تێڕوانین و مامەڵەکردنی لەگەڵ ئەوانی دی و دەوروبەردا".(مۆنیف 2006: 29) .

زمانی جیاجیای نێوان کارەکتەرەکان و شێواز و بیرکردنەوەیان دەبێتە بەدیهێنانی فرە گۆشەنیگایی و ئایدۆلۆژیایی جۆراوجۆر. نموونەی ئەم جۆرە ڕۆمانە ڕۆمانی (مارتینی

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بەختەوەری)ی (جان دۆست) کە چەندین کارەکتەری زمانی جیاجیا لە خۆ دەگرێت، لەو ڕێگاوە هەر یەکێکیان شێوازی بیرکردنەوەیان لەوی تر جیایە بە هۆی جیاوازی زمان و کلتوور و ئایینەکانیان، ئایدیۆلۆژیای جۆراوجۆریان تێدا بەدی دەکات.

هەروەها (ئاڵتوسێر) پێی وایە "ئایدۆلۆژیەت هەر ئەوە نییە کۆمەڵێک بیر و باوەڕ بێت، بەڵکو هەر لە سەرەتاوە لەگەڵ فێربوونی زمان، ئایدۆلۆژیا ڕەوتی ئاسایی خۆی وەردەگرێت و خۆی دەگونجێنێت و هەژموونی زیاد دەکات). (م محمد 2003، 78). زمان هۆکارێکە بۆ فراون بوونی ڕەهەندی ئایدیۆلۆژیای دەقی ڕۆمان بە چەکی ڕۆماننووس دادەنرێت، کاریگەریترین پێکهاتەی زمانیش بێگومان (وشە)یە، (میخائیل باختین) وای دەبینێت "وشە لە ڕۆماندا لە میانی ڕووگە زیندووەکەیەوە دەژی کە ئاراستەی بابەتەکەی دەکات، ئەگەر ئەم ڕووگەیەمان پشتگوێ خست، هیچ لەبەر دەستمان نامێنێتەوە، جگە لە لاشەی ڕووت و قووتی وشە نەبێت". (مۆنیف، 2006، 30٩).

گێڕەرەوە و کاراکتەرەکانی نێو ڕۆمانەکە بۆ گوزارشکردن لەو ئایدیۆلۆژیایە شاراوەی کە لە دەروونیان هەیانە، بریتییە لە (وشە) کە وەکوو کەرەستەی سەرەکی زمانی قسەکردن بە کاریدێنن، کەواتە (وشە) ئامرازی زیندووی نێو ڕۆمانە. (باختین) زیرەکانە وشەی هەڵبژاردووە، چونکە وشە بچووکترین پێهاتەی زمانەکە خۆی واتای هەبێ، هەروەها هەندێک وشە هەن خۆیان ئایدۆلۆژیایەکن.

پێکهاتەیەکی دیکەی دەق کە بتوانرێ ڕۆمانی ئایدۆلۆژی پێ بناسرێتەوە (ناونیشان)ی ڕۆمانە، کە ڕۆڵی سەرەکی دەبینێت، بۆ ئەوەی خوێنەر لە ڕێی ناونیشانی بابەتەکەوە کۆمەڵێک بیرۆکە و زانیاری لەبارەی ناوەڕۆکی ڕۆمانەکە دەست بکەوێت، ئەمەش یارمەتی دەدات بۆ زیاتر چوونە ناو قووڵایی بابەتەکە، بە هۆی ناونیشانەوە، ئاشنایی ڕەهەندی جیاوازی ناو ڕۆمانەکە دەبین بە دەروازەی یەکەم لە دەقی ڕۆمانەکە دەگەین، بۆیە ناونیشان بە ڕێگەزێکی ئیستاتیکی و هونەری ڕۆمان دادەنرێت، بە هۆیەوە زیاتر شۆڕ دەبینەوە ناو دیوە شاراوەکانی دەقی ڕۆمان و ئایدۆلۆژیەتی ڕۆمان. (محەمەد فەتاح) لە کتێبی (دینامیە النص) ئاماژە بە گرینگی ناونیشان دەکات و پێی وایە "ناونیشان کلیلی کردنەوەی دەرگا داخراوەکانی دەق و هێمایەکی

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

سیمۆلۆژییە، کە دەتوانین هەڵیوەشێنینەوە و وابەستەی ئەدەبی بکەینەوە". (مفتاح، ١99٠، 72).

چونکە هەر لە ڕێگای ناونیشانەکەوە تێدەگەین ڕۆمانەکە باس لە چ دەکات، کەواتە ناونیشان ناسنامەی دەقی ئەدەبییە، دەرگای یەکەمی چوونە ژوورەوەی دەقە، بۆ نموونە ڕۆمانی (داگیرکردنی تاریکی)ی (بەختیار عەلی) کە لەو توێژینەوەیە هەڵمانبژاردووە، هەر لە ناونیشانەکەوە بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە ئەم ڕۆمانە باسی واقیعی تاریکی میللەتی کورد دەکات لەژێر دەستی تورکان، کە بەردەوام دەچەوسێنرێنەوە، شانۆی ڕووداوەکان لە وڵاتی تورکیایە و کۆی ڕۆمانەکە هەڵوەستە کردنە لەسەر ڕووی تاریک و خوێناوی مێژوویی تورکیا و ڕەگەزپەرستی تورکەکان. لێرەدا دەکرێت بڵێین ناونیشان کورتکراوەی دەقێکە لە وشەیەک یان لە ڕستەیەکدا، کە بە ئایدۆلۆژیایەکی دیاریکراو بارگاوی کراوە و بنیادنراوە لە لایەن ڕۆماننووسەوە.

## بەشی دووەم: ململانێی ئایدۆلۆژی لەسەر پرسی ناسنامە لە ڕۆمانی (داگیرکردنی تاریکی)ی (بەختیار عەلی)دا

### ٢-١) سڕینەوەی ناسنامەی نەتەوەیی

ڕۆمانی داگیرکردنی تاریکی لە ناونیشانەکەوە دیارە ڕۆمانێکی ئایدۆلۆژییە، ئەمەش بە ڕوونی لە چەمکی (داگیرکردن) دەردەکەوێ. لە هەر کوێ داگیرکردن هەبوو، مانای وایە ئێمە ڕووبەڕووی دوو ئایدۆلۆژیاین، یەکەمیان؛ ئایدۆلۆژیای کەس یان میللەتی داگیرکەر کە پاڵپشت بە فیکر و ئایدۆلۆژیایەک هاتووە و خاکێکی داگیرکردووە، کە هیچ مافێکی بەسەرەوە نییە. ئایدۆلۆژیای دووەم؛ هی میللەتی داگیرکراوە، ئەویش لەڕێی فیکر و ئایدۆلۆژیایەکەوە بەرگری لەخۆی دەکا و هەوڵی ڕزگارکردنی خاکەکەی و ئازادکردنی تاکەکانی دەدا. هەروەها لە وشەی تاریکیشدا خوێنەر تێدەگا، وێڕای ئەوەی تاریکیی داگیرناکرێ، بەڵام داگیرکردن تاریکی لەگەڵ خۆیدا دەهێنێ.

ململانێی ئایدۆلۆژی لە ڕۆمانی داگیرکردنی تاریکی لەگەڵ هاتنی (تاریق ئاکانسۆ) بۆ (خۆرهەڵاتی ئانادۆڵ) کە کوردستانی باکوور دەگرێتەوە لە تورکیا دەستپێدەکا، چونکە ئەو "لە ناو کۆشکەکەی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

وەستا و گوتی لێرەوە هەوڵ دەدەین کارێک بکەین تورکەکان لە پاشەڕۆژدا لە یادمان نەکەن و شانازیمان پێوە بکەن".(عەلی، ٢٠٢٠، ل ٣٢) .ئەمە سەرەتای هاتنی حاکمی خۆرهەڵاتی ئانادۆڵە کە هەر لە ڕۆژی یەکەم، زەنگی ململانێی ئایدۆلۆژی لێدا لە بەرامبەر کورد.

ئاکانسۆ "کاتێک هات بۆ ئەم هەرێمە وەک شوێنکاریەکی نموونەیی بۆ خۆی سەیری دەکرد، سەرزەمینێکی نوقسان سەرزەمینێک نە مێژووەکەی لە مێژووی بەشەکانی تورکیا دەچێت نە خەڵکەکەی زمانێکیان هەیە پێی بدوێن، نە میللەتێک لەسەری دەژی ناسنامەی هەبێت" (عەلی، ٢٠٢٠ ، ل ٣٢). ئاکانسۆ لە سەرەتاوە هەستی بەوە کردبوو کە ئەم هەرێمە لە بەشەکانی تورکیا ناچێت، نە زمانیان نە خەڵکەکەی نە خاکەکەی، واتە ڕۆماننووس لە ڕێی هەمان کارەکتەرەوە ململانێی ئایدۆلۆژی لەسەر ناسنامە دەجووڵێنێت و باوەڕی ئەومان بۆ دەخاتەڕوو و دەنووسێت: "باوەڕی وا بوو هەر مرۆڤێ لە چوارچێوەی دەوڵەتی تورکدا لە دایک بێت بە حوکمی ئەوەی هەوای نیشتمانی تورک هەڵدەمژێت، ئاوی نیشتمانی تورک دەخواتەوە، نانی خاکی تورک دەخوات، تورکە". (عەلی، ٢٠٢٠ ، ل ٣٥). ئەمەش مەترسیدارترین جۆری ئایدۆلۆژیایە بەرانبەر نەتەوەیەک بخرێتەڕوو، چونکە لەگەڵ لەدایکبوونی ناسنامەی بۆ دیاری دەکرێ و هیچ جۆرە هەڵبژاردەیەکی لەبەردەم ناهێڵنەوە، واتە ناسنامەی خۆی لێ دەسەننەوە و دەیسڕنەوە و ناسنامەیەکی نوێی پێ دەدەن کە نامۆیە بە کلتوور، خاک و بیرکردنەوەی کۆمەڵگە و تاکەکان.

ئەم ناسنامە نامۆیە کاردانەوە لای تاکی خاوەن ناسنامەی ڕەسەن دەبێتە هۆی بەرەنگاربوونەوە و پاراستنی ئەو ناسنامەیەی خۆی دەیەوێ. بە هەمانشێوە؛ کارەکە لای داگیرکەریش نامۆ دەدردەکەوێ و ئەو چونکە سەردەستەیە، دەبێ هەموو ئەوەی دەیڵێ جێ بگرێ و جێبەجێ بکرێ، ئاکانسۆ توشی سەرسوڕمان بووە، چۆن "ملیۆنەها مرۆڤ لەم دەڤەرانەدا هێشتا تێنەگەیشتوون تورکن، هێشتا جۆرە دەنگێک دەردەکەن، جۆرە ژاوەژاوێک لە گەروویان دێتە دەرێ پەیوەندییەکی بە زمانی تورکیەوە نیە، گیانێکی تەماوی و یاخی بوون بە سەر هەرێمێکەدا کشاوە، زۆربەیان ترس فێری کردوون هەر تورک زوبانێک دەرکەوت، بنووشتێتەوە و کوڕنوش بەرن، بەڵام هەموو چاوێکی زیرەک دەتوانێ ببینێت ئەوەی دەیکەن زیاتر نمایشە نەوەک ڕێزێکی قووڵ بێت بۆ گەورەیی مرۆڤی تورک" (عەلی، ٢٠٢٠ ، ل ٣٧). نەتەوەی سەردەستە کە تورکە لەسەرەتادا و لەگەڵ لەدایکبوون ناسنامەی نەتەوەی ژێردەست کە کوردن دەسڕنەوە.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

سڕینەوەی نەتەوە بەتەواوی پلانی بۆ دانراوە و پلانەکەش بەزیادەوە جێبەجێکراوە، بەڵام نەتەوەی کورد هێشتا ماوەتەوە و نەسڕاوەتەوە. ئەکانسۆ لەگەڵ پیرەپیاوێکی کەمالیستی گفتوگۆ دەکا و پێی دەڵێت "گەورەم بڵێم چی؟ ڕاستی نازانم خۆی بە هەموو پێوەدانێک دەبوو نەمانایە. ڕەنگە لەبەر ئەوەی زۆر کێوی و دوور لە شارستیانەتن بۆیە ماون" (عەلی، ٢٠٢٠ ، ل ٧٦). ئەکانسۆ کە نوێنەرایەتی بەشی زۆری تورک دەکا، پێیوایە دوای ئەو هەموو هەوڵە بۆ لەناوبردنی نەتەوەی کورد، دەبووایە کۆتاییان پێبهاتبا، کەچی کۆتاییان پێ نەهاتووە، هۆکاری ئەمەش ناگەڕێنێتەوە بۆ ویستی کورد بۆ ئازادی و باوەڕبەخۆبوون و ڕەسەنایەتی، بەڵکو دەیگێڕێتەوە بۆ ناشارستانی بوونی ئەم نەتەوەیە و ئەمەش ئاستی ئەو ڕق و شۆڤێنی بوونە پیشاندەدا کە کارەکتەرەکە هەیەتی.

هەروەها لە ڕێی دوو کاراکتەری ڕۆمانەکە ڕۆماننووس ئاماژە بە ئەزموونی سڕینەوەی نەتەوەیەکی ژێردەستە لەلایەن نەتەوەی سەردەستە کە نەتەوەی خۆیانە دەکات و دەڵێ: "با شتێکت پێ بڵێم ئەم نەخۆشانەی تۆ دەتوانن چەند ڕۆژ، چەند زۆر بن، ها وای دابنێ ئەم نەخۆشییە دەبێت بە پەتا دەبێت بە دەردێکی وەک تاعوون و لە دەست دەردەچێ نەخۆشەکان دەبن بە سەد هەزار بە ملیۆن بە پێنج ملیۆن ها، لە منی وەربگرە گەر بڕیاریان دا بیانکوژن، هەموویان دەکوژن لەوەوپێش لەگەڵ ئارمەنەکان کردوویانە وە ئێستاش دەیکەن" (عەلی، ٢٠٢٠ ، ل ١٨٢). داگیرکەرانی کوردستان و کوردیش ئەو ڕاستییە دەزانن کە هەرگیز دوژمنانی گەلی کورد لە کوشتوبڕەکانیان بەلایانەوە گرنگ نەبووە و سڵیان لەوە نەکردووەتەوە، ئەگەر ژمارەی قوربانیان زۆربێ، دەست لە کوشت و کوشتاری کورد هەڵبگرن، بە پێچەوانەوە؛ تا لە هەڵمەتەکانیان کوردی زۆرتریان کوشتبێ، ئاسوودەتر بوون.

فەزای ڕۆمانی داگیرکردنی تاریکی و هەڵسوکەوتی کارەکتەرەکانی؛ زۆر لە فەزای گشتی و واقیعی ئەو وڵاتەوە نزیکە کە شوێنی ڕووداوی ڕووداوەکانی ڕۆمانەکەیە، بۆیە پرسی سڕینەوەی ناسنامەی نەتەوەیی بە چەندین شێوە و ڕووداوی جیاواز لە ئارادابوون و بەردەوامیشە، کارەکتەرێک دەگێڕێتەوە: "من لە زانکۆ بووم، کوڕێکمان هەبوو لە سیواسەوە هاتبوو، نەیدەوێرا بڵێت کوردم، جارێک لە دەمی دەرچوو گوتی لە سیواس کورد هەیە، خوێندکارەکان پەلاماریان

دا، ئەو خوێندکارانەی ئێستا هەموویان وەک من پزیشکن، وێنەی ئەتاتورکیان پێ ماچ کرد، ئاڵای تورکیایان خستە ملی بیخنکێنن، دەستێکیان شکاند و لەگەڵ دووپەراسووی، بۆ ئەوەی بیری نەچێتەوە لە سیواس و لە هیچ شوێنێکی تر کورد نییە" (عەلی، ٢٠٢٠ ، ٤٤٦). ئەو کارەکتەرە وا تۆقێنراوە، نەیوێراوە ناسنامەی خۆی ئاشکرا بکا و بڵێ من کوردم، بەڵکو گوتوویەتی لە شارێک لە شارەکانی باکوور کە هەمووی کوردە، کورد هەیە، کەچی تورک ئەوەی بەسەریان هێناوە لە ئەقڵی هەموو مرۆڤێک دوورە.

لە باسێکی تری ڕۆمانەکە کاتێک سێ ئەفسەری ڕەگەزپەرستی تورک کە سەر بە گرووپی (گورگە بۆرەکان) بوون، چوون بۆ ناو نەخۆشخانەی دەروونی کە ئەوانەی کوردیان بیرچۆتەوە یان ئەوانەی بە کوردی قسە دەکەن لەوێ بە شێوەیەک لە شێوەکان بەند کرابوون، دەنووسێ: "هەرسێکیان گەشتێکی خێرایان بەناو خەستخانەکەدا کرد، هەر سێ ژەنەڕاڵەکە، سێ دەفتەری تێبینی بچووکیان دەرهێنابوو شتیان دەنووسی لە هەندێک شوێندا لە نیشتەجێکانیان دەپرسی، هەستان چۆنە کاتێک ناتوانن بە تورکی قسە بکەن؟ زۆربەی دیلەکان قاقەیان لێ دەدا و دەیان گوت، جەنەڕاڵ خەمی ئێمەتان نەبێ، ئێرە بەهەشتە بەهەشت لە زینداندا بە کوردی قسە بکەین باشترە لەوەی لە دەرەوە بە تورکی بدوێین" (عەلی، ٢٠٢٠ ، ل ٥٠٧)، ئەمەش هەڵوێستی زۆرینەی هەرە زۆری کوردە لە بەرانبەر زوڵم و زۆری داگیرکەراندا کە ئازار و ناخۆشی هەڵدەبژێرن نەک ئاسوودەکردنی داگیرکەران.

هەنگاوی دوای زیندانی کردنی ئەو کەسانەی کوردن، بریتییە لە کوشتن. لە دەستپێکی شەڕی گورگە بۆرەکان و کۆمەنیستەکان ئارسینی کوڕی گەورەی تاریق ئاکانسۆ چاوی بە هەبیبجان کەوت کە هاوڕێی منداڵی بوو، لە دیالۆگێکدا پێی دەڵێت "ئەی تۆ هەبیبجان ئەمڕۆ چەند منداڵی سەربێشکەی کۆمۆنیستت کوشت؟ چەند پیرە ژنی نەوەد ساڵەی کۆمۆنیستت کوشت؟ هەبیبجان کەمێک ڕەنگی تێکچوو گوتی، ئۆە ئاکانسۆ تۆ کوڕی کێت پێ دەڵێن کوردن.. هەموو کوردن... کۆمۆنیستبن، نەبن، کە مالیستبن، هەتا گەر مەهەپەش بن هەر بۆ کوشتن باشن" (عەلی، ٢٠٢٠ ، ل، ٦٦٨). ڕەوایەتی دان بە کوشتنی کورد، جا لە هەر تەمەنێک بن و هەر ئایدۆلۆژیایەکیان هەبێ، تەنانەت ئەگەر سەر بە ڕەگەزپەرستترین حزبی تورکیش بن، هیچ لەو تێڕوانینە ناگۆڕێ کە دەبێ لەناوببرێن و بسڕێنەوە، تەنانەت جاری وا هەبووە مرۆڤەکە کۆتایی پێهاتووە، بەڵام

لەبەر ئەوەی بەدەستی تورک خۆیان نەکوژراوە، دڵیان ئاوی نەخواردووەتەوە و ویستوویانە دووبارە گولەبارانی بکەن. بۆ نموونە کاتێک عەلی ئیحسان لە بەیانییەکی زوو لە لایەن چەند کوردێکەوە کوژرا لەو لاوەش گورگە بۆرەکان کە بە تورکی توندڕەوبوون هاتبوون بیکوژن کە بینیان کوژراوە، بەڵام دڵیان ئاوی نەخواردەوە و ویستیان دیسان بیکوژن بۆیە لێرەدا "مامۆستا مەهدی و زەکی ڕەزا سەریان باداو ئیشەکەیان بە کارێکی نابەجێ زانی، زەکی ڕەزا گوتی (عەزیزم، هانم، بەڕێزان. کابرا دووجار ناکوژرێت بێگومان دووجار ناکوژرێت) ئاڵوچلۆ سەری بادا و گوتی (ئەگەر بێ گولەی تورکان بچێتە ناو گۆڕەوە، جەنابی ڕابەر، جەنابی مارشاڵ تووڕە دەبن، ئینجا لەم سەردەمەدا خەریکە باوەڕدەهێنم هەموو بەشەرێک دەکرێت چەند جارێک بکوژرێت... چەند جارێک، ئینجا لەوانەیە بە تەواوی بمرێت)" . (عەلی، ٢٠٢٠ ، ل ، ٦٨٨)

بە پێی ئەو ڕووداوانە بێ کە بەسەر کارەکتەرەکانی ڕۆمانەکەدا هاتوون، نەتەوەی سەردەستە هەموو ڕێگاکانی سڕینەوەی ناسنامەی نەتەوەیی بەرانبەر نەتەوەی داگیرکراو تاقیکردووەتەوە، بەڵام دانی پێدادەنێن کە نەیانتوانیوە لەناوی ببەن و شکستیان خواردووە لەوەی ناسنامەکەی بسڕنەوە.

## ٢-٢) سڕینەوەی ناسنامەی زمانیی نەتەوەی کورد

پرسی زمان لە ڕۆمانی داگیرکردنی تاریکی؛ پرسێکی ڕشتە و بەهەند وەرگیراوە. هەوڵدراوە وەک یەکێک لە تێما سەرەکییەکانی ڕۆمانەکە سەودای لەگەڵدا بکرێ، بۆیە پانتاییەکی بەرفراوانی لە ڕۆمانەکەدا گرتووە و دەکرێ بڵێین تەوەری سەرەکی ڕۆمانەکە بریتییە لە پرسی زمان و ڕۆمانەکە لەسەر ئەم بنەمایە چنراوە.

بۆ نموونە کاتێک باسی نەخۆشێک دەکەن تورکی لە بیر چووەتەوە و بە زمانی کوردی قسە دەکات، لە نەخۆشخانە وەزیری تەندروستی دێت و نەخۆشیەکەی پێدەڵێن، "ئەویش هەر ناوی کوردی بیست، ڕاستەوخۆ مەسەلەکەی وەک کێشەیەکی سیاسی ترسناک تەماشا کرد، بە باشی زانی جگە لە پزیشک و دەرمانساز کەسانێکی پسپۆڕی ئاسایشی نەتەوەیی لە مەترسی دەردەکە تێدەگەن بێنە ناو کێشەکەوە" (عەلی، ٢٠٢٠ ، ل ٨٠). وەزیری وڵاتەکە زمانی کوردی بە دەردێکی ترسناک دەزانێت و وەک پرسێک کە مەترسی لەسەر ئاسایشی نەتەوەیی هەبێ دەڕوانێتە

بابەتەکە. وەزیر لەوە بە ئەگایە، زمانی کوردی یەکێکە لە سەرەکیترین شەنگستەکانی مانەوەی نەتەوەی کورد و تا زمانی کوردی مابێ، کوردیش وەک نەتەوە دەمێنێ.

پاش ئەوەی نەخۆشی لەبیرچوونەوەی زمانی تورکی و قسەکردن بە زمانی کوردی بڵاودەبێتەوە، یەکێک لەو کارەکتەرانەی دووچاری نەخۆشییەکە دەبێ عیسمەت ئۆکتایە، وەزیر ترسی لێ دەنیشێ و دەڵێ: "دەترسین گۆڕانکارییەکە تەنیا لە زماندا نەبێت، دەترسا گۆڕانکارییەکە لە هەموو سیستەمی فەسلەجیدا بێت. وەک پزیشکەکان دەڵێن دەبێت بە وردی هەموو وەزیفە بایلۆژییەکان بپشکێن ئەوەی لە تورک بوون بکەوێت، لەوانەیە بەتەواوی لە مرۆڤبوونیش بکەوێ، بۆیە بە پێویستی دەزانین لەژێر چاودێرییەکی ورد دابیت" (عەلی، ٢٠٢٠ ، ل ٩٤). وەزیر نەک تەنیا کورد، بەڵکو هێندە دەمارگیرە، جگە لە تورک کەسی دیکەی پێ مرۆڤ نییە، بۆیە داوی پشکنینی ئەناتۆمی دەکا تا بزانێ کاریگەرییەکە تا کوێ ڕۆیشتووە.

عیسمەت ئۆکتای گرفتی گەورەتری لە پشکنین و چاودێریکردن هەبوو، پاش ساڵ و نیوێک لە دەردەسەری عیسمەت ئوکتای کە تووشی نەخۆشی لەبیرچوونەوەی زمانی تورکی ببوو، بە زمانی کوردی قسەی دەکرد زۆر نەهامەتی و ناخۆشی بینی دواجار بە دزیەوە بە هاوکاری عەلی ئیحسان چووە ماڵەکەی و لە دەرگەیاندا و پاش گفتوگۆی توند لە نێوان ژنەکە و عەلی ئیحسان، ژنەکە پێیگوتن "بەڵێ ئەم پیاوە مێردی من بوو، بەڵێ باوکی منداڵەکانم بوو، بەڵام ئەو کاتە تورک بوو، من شووم بە تورکێک کرد، لەشی خۆمدا بە پیاوێکی تورک. با دووربکەوێتەوە من ئامادە نیم ژنی کەسێکی غەیرە تورک بم تێدەگەیت دەڵێم چی، تکایە هانم عیسمەت ڕەنگە نەتوانی تورکی قسە بکات، بەڵام بە دڵ هەر تورکە ڕۆحی هەر ڕۆحی تورکە، تکایە ئەفەندم دوور بکەوە لە دەرگاکە دەمەوێت دایبخەم من ساڵ زیاترە بیر لەو ساتە دەکەمەوە ساڵ زیاترە بیرم لای ئەم ساتەیە کە عیسمەت لە دەرگا دەدات و دەیەوێت بگەڕێتەوە، نا پێی بڵێ نامەوێت بیکەمە دەنگەدەنگ و پۆلیس و دراوسێکان ئاگاداربکەمەوە، بڕۆن لێرە من هیچی ترم نییە بیڵێم بڕۆن تکایە جارێکی تر مەگەڕێنەوە، نامەوێت منداڵەکانیش لە دەست بدەم" (عەلی، ٢٠٢٠ ، ل ٦٢٤ و ٦٢٥). ژنی عیسمەت ئۆکتای تورکێکی بێ خلتی دەوێ و ئەو دەیەوێ بڵێ من ئەو مرۆڤەم قبوڵە کە بە هەموو وردەکارییەکەوە تورک بێ، کەسێک با بیرکردنەوەشی تورکانە بێ، بەڵام بە تورکی قسە نەکا، دەبێ ڕەتبکرێتەوە.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بە دڵ تورک بوون و بە ڕۆح تورک بوون وەک چۆن لای ژنەکەی فریای ئۆکتای نەکەوت، لای کچەکەشی هەمان ئەنجامی هەبوو. پاش پازدە ساڵ عیسمەت ئۆکتای بۆ کۆتا جار لە عێراق گەڕاوە بۆ تورکیا بە هاوکاری کورێکی کوردی وەرگێڕ، ناونیشانی کچەکەی وەرگرت بۆ ئەوەی وەک باوکی خۆی قبووڵی بکات بەڵام ئەوە وەڵامی کچەکەی بە تەواوی بۆ باوکی کوشندە بوو، "کچەکە وتی (چی ئەفەندم؟) (من باوکتم من عیسمەت ئوکتای باوکتم) کیژەکە لچێکی بادا و بە تەرجومانەکەی گوت (ئەم شێتەت لە کوێ هەڵگرتووەتەوە) تەرجومانەکە دەستێکی بە قژە ڕەشە جوانەکەی داهێنا و ئاهێکی قووڵی هەڵکێشا و گوتی (شێت نییە دڵنیابە شێت نییە) کیژەکە نارەحەت لە جێگای خۆی هەستا و گوتی (من باوکم پازدە ساڵە مردووە، باوکی من تورکێکی قارەمان بوو، تورکێکی نیشتمانپەروەر، ئەم شووتی فرۆشە گوندەکییە کە وشەکی تورکی نازانێت باوکی منی چی... ئەفەندم تکایە ئێستا بیرۆکە بەجێ بهێڵن بڕۆن، من بە منداڵ دەزانێت فریوم بدەیت؟ من چەندەها جار گوێم لە دەنگی باوکم گرتووە لە ڕێڕۆیشتنەکانی مەهەپەدا وتاری داوە و هۆتافی کێشاوە، وێنەیم بینیوە، شوورەیی نییە وا فریوم بدەیت)" . (عەلی، ٢٠٢٠ ، ل، ٧١١)

لەم دیالۆگەی نێوان باوک و کچ دەردەکەوێ هەرچەندە باوکی دوای پازدە ساڵ منداڵەکەی خۆی دەبینێتەوە و دڵخۆش دەبێ لە باوەشی بکات و ماچی بکات،ببێتە کچێکی باش بۆ باوکی، بەڵام نەک لە باوەشی نەگرت، بەڵکو پێیوابوو ئەم پیاوە شێتە چونکە باوکی ئەو تورک بوو کەچی ئەو بە کوردی قسەی دەکات.

سڕینەوەی ناسنامەی زمانی نەتەوەیی بەردەوامە و ئەوەی ئامادەش نەبێ دەستبەرداری زمانی کوردی بێ، دەبێ ئامادە بێ باج بدا. "بیمارستانەکان فەرمانیان بۆ چوو ئەوانەی تورکی نازانن چارەسەر ناکرێن، دادگاکان فەرمانیان بۆ چوو بوو لە کێشەکاندا ئەوانەی ناتوانن بە تورکی قسە بکەن و شەهادەت بدەن گەواهیان وەرناگیرێ ژمارەی (یاتلی ئوکول)ەن زیاد دەکرێت، خوێندکاران دەبێت شەو و ڕۆژ لە خوێندنگاکان بمێننەوە جگە لە زمانی تورکی لەگەڵ هیچ کەسیکدا بە زمانی دی قسە نەکەن، هەروەها لە بازاڕەکاندا کڕین و فرۆشتن مامەڵەکردن بە هەر زمانێکی تری جیاواز لە تورکی سزا دەدرێ، لە زیندانەکان نابێ بە کوردی قسە بکرێت، لە بواری موڵکداریدا زەوی و زاردا ئەوانەی تورکی زمان نین ناتوانن مامەڵەی تاپۆکردن و کڕین فرۆشتن

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بکەن، هەر کەسێ توركی نەزانێ لە هیچ بوارێکدا کاری پێ نادرێت لە چێشخانەکاندا داوای خواردن بە تورکی دەبێت، لە کەرەستە گشتییەکانی هاتووچۆدا جگە لە زمانی تورکی ڕێبواران بۆیان نییە هیچ جۆر زمانێکی تر بە کار بهێنن، لە مزگەوتەکاندا هەموو وتارێکی ئایینی بە تورکی دەبێت، هەر منداڵێک لەسەر خاکی تورکیا لە دایک ببێت دەبێت ناوێکی هەبێت لە لایەن دەوڵەتی تورکەوە قبووڵ کراو بێت، لە ئاهەنگەکان گۆرانی تەنیا بە زمانی تورکی دەبێت" (عەلی، ٢٠٢٠ ، ل ١٤٥). ئەمانە ڕێوشوێنی زۆر توند و ڕێنمایی زۆر وردن و هەموو کونج و کەلەبەرێکی ژیانی کوردیان گرتووەتەوە و ئەگەر بە زمانی تورکی قسە نەکەن تەنانەت مافی داواکردنی خواردنیان نابێ لە چێشتخانە.

ڕۆماننووس بەهۆی ململانێی ئایدۆلۆژی لەسەر ناسنامە بەهۆی حوکمی فاشیستی تورک لە بەرامبەر میللەتی کورد، کۆی بڕیارەکانی ئەوەیە نابێت بە هیچ شێوەیەک زمانی کوردی لە هیچ شوێنێک دەربڕێت.بە هەموو شێوەک قەدەغەکراوە، جگە لە تورکی هەبوونی زمانی تر ڕەتکراوەتەوە. سەرەنجام؛ ئەنجامی ئەم بڕیارانە دەردەکەون و "شارێک مرۆڤەکان تەنیا بە ئاماژە یان بە هەندێ وشەی تورکی کەم هەموو شتێکیان دەبڕییەوە، ئیتر وەک جاران دایکێکیان نەدەبینی بانگ لە زارۆی خۆی بکات، باوکێکیان نەدەبینی بانگ لە کوڕی خۆی بکات (ئارسین) سەرنجی خەڵکی شاری دابوو، ئیتر لەگەڵ ئاژەڵەکانیشدا نەیاندەتوانی زمانی جاران بە کار بێنن، لەبەر ئەوە پەنایان دەبردە بەر دەنگەلێک مانایان نییە تا ئەسپ و گوێ درێژ و مەڕ و مالآتیان لە شەقامەکاندا ئاژوو بدەن" (عەلی، ٢٠٢٠ ، ل ١٦٣). لە ئاکامی بڕیارەکانی دژی کورد کار گەیشتە ئەوەی کورد زۆر بە کەمی بە کوردی بئاخقن، نەک لە نێوان خۆیان، بگرە لەگەڵ ئاژەڵەکانیش بۆیان نەبوو بە کوردی قسە بکەن.

هەروەها لە دیالۆگێک لە نێوان هەردوو کوڕەکەی ئاکانسۆدا، کاتێک یەک لە کوڕەکان داوا دەکات فێر زمانی کوردی بێت پێی دەڵێت "چیت دەوێت تۆ؟ گەر دەتەوێت زمان فێر بیت بۆ خۆت فێری ئینگلیزی یان فەرەنسی ناکەی؟ چیت لە زمانی ئەمانە داوە، ڕۆژێک هیچ کەسێک نامینێت بەم زمانە قسە بکات، دەتەوێت چ کارێکی پێ بکەی؟ هەتا کتێبێکیش نییە بەم زمانە بخوێنیتەوە، باوکم دەڵێت ئەم میللەتە داماوە شەش کتێبی چاپکراویان نییە. ڕۆژێک دێت ئیتر هیچ ئادەمیزادێک قسەی پێ ناکات، ئەوکات ناتوانیت کاری تەرجومانیش بکەیت" (عەلی، ٢٠٢٠

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

، ل ١٦٥). ئەمە کرۆکی تێڕوانینی داگیرکەرانی کوردستانمان بەرانبەر نەتەوەی کورد و زمانەکەی پێ دەڵێ. ئەوان مرۆڤەکان لەناو دەبەن و لەناوبردنی مرۆڤەکانیش لەناوبردنی هەموو ئەوەی پەیوەندیی بە تاکەکانەوە هەیە، لەگەڵ خۆی دەیسڕێتەوە کە زمانیش یەکێکە لەوان. لە ڕۆمانەکەدا جەختکردنەوە لەسەر ئەم ڕەوتە بەردەوام دەبێ و کارەکتەری باوک هێشتا پێداگری دەکا، "باوکەکە دەستی کوڕەکەی دەگرێت و پێی دەڵێت سەیری ئەمانە بکەن، جوان سەیری ئەمانە بکەن، ئەمانە ئەو جنسەن کە لە داهاتووی نزیکدا بوونیان نامێنێت، وەک چۆن هەندێ چەشنی مێروو هەندێ جۆری باڵندە هەندێ جۆری ئاژەڵ لەڕووی گەشەی سروشتدا فەوتاون و لەناوچوون، هەندێ جۆری قەوم و زمانیش لەناو چوون و لەناو دەچن" (عەلی، ٢٠٢٠ ، ل ١٧٠)، ئەمە ویستێکە و داگیرکەران دەیانەوێ کورد بەو ئاراستەیە بڕوا و داهاتووی لەناوچوون بێ.

لە دیالۆگێکدا لە نێوان ئاکانسۆ و پیاوێک بە ناوی مەهدی پێی دەڵێت "((تۆ مەهدی پێم بڵێ ئەم زمانەی خۆت ناو دەنێی زمان؟)) ((بەڵێ ئاغای مەئموور پێی دەڵێم زمان.)) ((بەڵام من وەک دەنگی قەلەباچکە دێتە گوێ)) ((منیش تا فێر نەبووم زمانەکەی جەنابی مەئموورم هەر بەو جۆرە دەهاتە گوێ))" (ل ٢٠٣). ئەم دایەلۆگە ململانێیەکی بەهێزە لەسەر زمان و لەهەمانکاتیشدا کاردانەوەی کوردە بەرانبەر دگیرکەرانی و پێیان دەڵێ ئەگەر ئێوە زمانی من ڕەتدەکەنەوە، ئەوا من ناچاردەکەن، زمانی ئێوە ڕەتبکەمەوە، چونکە ڕەتکردنەوەی زمانی کوردی، واتە ڕەتکردنەوەی نەتەوەی کورد. ئەمە نەک هەر کورد، بەڵکو ڕاستییەکە داگیرکەرانیشی دەیزانن، "بەڵێ چەکی ئەم کوردانە جگە لە زمانەکەیان هیچی دی نییە، ئەمانە وەک عەرەب نین قورئانێکیان هەبێ خەڵکی پێ فریودەن وەک فارسەکان نین، مەولانایەک و حافزێکیان هەبێت، خۆیان پێوە با بدەن، وەک ئەرمەنەکان نین هەموو نەسرانییەکانی دونیا لە پشتیان بێت، هەیانە و نیانە تەنیا ئەم زمانەیان هەیە هەر کات توانیت ئەم زمانەیان لێ بستێنیت، ئیتر وەک شێرە بەفرینە لەبەر خۆردا دەتوێنەوە" (عەلی، ٢٠٢٠ ، ل ٢٠٧). وێڕای ئەوەی کورد کەسایەتی گەورە و بەرهەمی دانسقەیان هەن کە پێموایە ڕۆماننووس لەمەدا بەهەڵەدا چووە، بەڵام لەوە ڕاستی گوتووە کە بەهێزترین چەکی دەستی کورد و بەهێزترین شەنگستەی مانەوەی نەتەوەکە زمانەکەیەتی.

ململانێی لەبارەی زمان لە ڕۆمانەکەدا بەردەوامە و تورک بەردەوام زمانی کوردی بە بێ بەها سەیر دەکەن و کورد و ئەوانەی فێری زمانی کوردی بوون لە بایەخەکەی تێگەیشتوون،

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

کاردانەوەیان هەیە و دەزانن زمانەکەیان چۆن دەپارێزن. عەلی ئیحسان کە کوڕی بچووکی تاریق ئاکانسۆ بووە، وەرگێڕی زمانی کوردی و تورکی بووە، لەگەڵ کابرایەکی پرسچی دەکەوێتە گفتوگۆ و کابرا پێی دەڵێ: "عەلی ئیحسان من تۆ بم هەر لێرە دەرچووم کارێکی تر دەدۆزمەوە وا هەست دەکەم لە داهاتوودا کەس پێویستی بە تەرجومانی وەک تۆ نابێت، عەلی ئیحسان بە لاقرتییەکی تاڵەوە گوتی، مەبەستت ئەوەیە هەموو ئەفسەرە تورکەکان فێری کوردی دەبن؟ پرسچییەکە هەستی بە سووکایەتی کرد و بە ناڕەحەتیەوە گوتی، نا هەر کەسێک پێویستی بە تەرجومان بێت دەینێرین بۆ جەهەننەم با بڕوا لەوێوە تەرجومان بهێنێت. (عەلی، ٢٠٢٠ ، ل، ٦١٦). لەم دیالۆگەدا ئەوە ڕووندەبێتەوەکە ئەو تورکانەی فێری زمانی کوردی بوون، لە پیرۆزیی زمانەکە تێگەیشتوون و بەرگری لێ دەکەن، هەروەها ئەوانەی فێری زمانی کوردی نەبوون، هێشتا هەمان تێڕوانینیان لەبارەی کورد و زمانەکەیەوە هەیە و بەتەواوی هەوڵی لەناوبردن و سڕینەوەیان دەدەن.

عەلی ئیحسان پێش کوژرانی ڕاستییەک دەسەلمێنێت لە بەرامبەر عیسمەت ئۆکتای،لەبارەی ئەوەی بۆچی کاری وەرگێڕانی هەڵبژاردووە، "گوتی هێواش هێواش عیسمەت خەڵک گەر کورد یان تورک هەر ئاگایان لەوەیە من وەرمگێڕاوە، بەڵام من بۆ یەکەم جارە دەیڵێم بۆ یەکەم جار لە هەموو ژیانمدا ناترسم و دەیڵێم من زۆر زۆریشم تەرجومە نەکردووە، ئەوەی تەرجومەم نەکردووە زۆرترە لەوەی کردوومە، گەر هەموو شتێکم تەرجومە بکردایە ئەو کینە و خوێنەی دەکەوتە نێوان کورد و تورکەوە زۆر لەمە زیاتر دەبوو، ڕاستیت پێبڵێم من بۆیە دەوری تەرجومانم دەبینی تا بتوانم تەرجومە نەکەم، تا ئەو کینەی بە زمانێک گوێم لێ دەبوو وەرینەگێڕمە سەر زمانێکی تر... ئیشی هەرە گەورەم وەک تەرجومان لەو جێگایانەدا بوو کە زۆر شتم دەشاردەوە، نەمدەهێشت تورکەکان بزانن کوردەکان چۆن بیر دەکەنەوە، یان گەر بۆم بکرابایە نەمدەهێش کوردەکان بڕی ئەو قێز و کینەیە هەست پێبکەن لە دڵی تورکەکاندا هەبوو. هەر کاتێک بووم بە تەرجومان ئەو کات هەستم کرد گرنگترین ئیشی تەرجومان لەو جێگایەدایە کە تەرجومە ناکات ئەگەر لە یەک بگەیشتانایە ڕقی زۆرتریان لەیەک دەبوو" (عەلی، ٢٠٢٠ ، ل، ٦٢١ و ٦٢٢). دواجار وەرگێڕان بەشێکە لە زمان و زمانیش هەڵگری خۆشەویستی و ڕێز و ڕق و

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

کینە و بێ ڕێزی ...هتد یە. لە شاردنەوە و وەرنەگێڕانی بەشێکی ئەو قسانەی کورد و تورک بەرانبەر یەکیان کردووە، ڕێژە و ئاستی ئەو ململانێییە بەدیاردەکەوێ کە لەنێوانیاندا هەیە.

## ٣-٢ )سڕینەوەی ناسنامەی کلتوری

نەتەوەی سەردەست لە سڕینەوەی ناسنامەی نەتەوەییەوە دادەکشێ بەرەو سڕینەوەی ناسنامەی زمان و لەوێشەوە هەوڵی سڕینەوەی ناسنامە جلوبەرگیش دەگرێتەوە. کاتێک تاریق ئەکانسۆ دەچووە ناوشاری دیاربەکر "سەیری دەکرد لە هەر جێگایەک کوردێکی بگرتایە، جلوبەرگی وەک کوردانی کۆن بایە، یاساکانی قەدەغەی جلکی نەتەوەیی بگرتبایەوە، توند و بێ ڕەحم لەگەڵیدا دەجووڵایەوە هەتا شوڵک و لێدانی ئاشکراشی لەسەر شەقامی گشتی بەکاردەهێنا، جلوبەرگی کوردانی بە تێکدانی دیمەنی گشتی شار حیساب دەکرد و سزای بۆ دانا بوون" (عەلی، ٢٠٢٠ ، ل ١١٧). ئەکانسۆ کە نوێنەرایەتی عەقڵی تورک دەکا، شار و دیمەن و فۆڕمی شاریان بەو شێوەیە لێکردووە، کە لایان پەسندە، ئینجا هاتوون جلوبەرگی ڕەسەنی خەڵکەکەیان قەدەغەکردووە بە پاساوی تێکدانی دیمەنی شار. بەم پێیە دووجار و بە دوو ڕێگای جیاواز سڕینەوەی ناسنامە دەردەکەوێ، یەکەمیان سڕینەوەی ناسنامەی شارە بە گشتی و ئەوەی دیکەشیان سڕینەوەی جلوبەرگ و کەلەپوری خەڵکی ڕەسەنی شارەکەیە.
لە بەشێکی تری ڕۆمانەکە تاریق ئاکانسۆ بە نامەیەک کە دەیەوێ بۆ سەرۆکی وڵات بنێرێت دەنووسێت "دەمەوێ ئەوەیانت پێ بڵێم ئێستا کاتی ئەوە هاتووە لە پاڵ گۆڕینی مرۆ ڤەکاندا بۆ تورکی باش، هەروەها هەوا و ئاو و شاخ و بەردەکانیش وا لێ بکەین بزانن ئەوانیش بۆ هەتاهەتایە بوون بە بەشێک لە نیشتمانی تورکەکان" (عەلی، ٢٠٢٠ ، ل ٢١٩). ئاو و هەوا و شاخ ناگۆڕدرێن، بەڵام فەزای لەخۆگری ئاو و هەواو شاخ دەگۆڕێن و داگیرکەرانی خاکی کوردستان ئەمەیان بە بەرنامە کردووە و ناوی گوند و شاخ و ڕووبار و تەنانەت کەسەکانیشیان گۆڕیوە.

لە کۆتاییدا دەتوانین بڵێین ئەم ڕۆمانە پڕیەتی لە ململانێی ئایدۆلۆژی بە تایبەت لەسەر پرسی ناسنامە کە ڕۆماننووس بەشێوەیەکی سەرنجڕاکێش باسی لەو پرسە کردووە و بە شێوە و فۆڕمی جیاواز تێکەڵی چنینی ڕۆمانەکەی کردووە.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## ئەنجام:

1. ڕۆمانی "داگیرکردنی تاریکی" لە ناونیشانەکەیەوە دەزانرێ کە ڕۆمانێکی ئایدۆلۆژییە و پڕیەتی لە ململانێ، چونکە هەردوو چەمکی داگیرکردن و تاریکی هەڵگری ڕەهەندی ئایدۆلۆژین.
2. سڕینەوەی ناسنامەی نەتەوەیی بەشێکی گرنگی ئەو ململانێیەی بەردەکەوێ کە لە ڕۆمانەکەدا هەیە و نەتەوەی سەردەستە، وێڕای داگیرکردنی خاک، هەوڵی سڕینەوەی ناسنامەی نەتەوەی خاک داگیرکراو دەدا.
3. ململانێ و هەوڵدان بۆ سڕینەوەی زمانی کوردی لە دیاردە هەرە بەرجەستەکانی ناو ڕۆمانەکەیە و ئەمە لەسەر زاری زۆرینەی کارەکتەرەکانی ڕۆمانەکە هەستی پێدەکرێ، ئەمە بێجگە لەوەی تێمای سەرەکیی ڕۆمانەکە بریتییە لە پرسی ململانێ لەسەر زمان.
4. وەک بەرەنجامی ململانێی ئایدۆلۆژی؛ لەدوای هەوڵی سڕینەوەی هەریەک لە نەتەوە و زمان، کلتوری کوردیش هەوڵی سڕینەوەی دەدرێ و هەموو ئەو شوێن و دیاردانەی هی کوردن، لایەنی کەم هەوڵی گۆڕینی ناوەکانیان دراوە.

## لیستی سەرچاوەکان:

### یەکەم: بە زمانی کوردی

فەتاح، ئاراس، ٢٠٠٧، چەمکی ململانێ، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی .

مستەفا، باهۆز، ٢٠١٨، ڕۆمانی پۆست مۆدێرن، گروپی کلتوری و هونەری هاقی، چاپی یەکەم، هەولێر.

سەجادی و محمودی، بەختیار و محمد، ٢٠٠٤، فەرهەنگی شیکارانەی زاراوەی ئەدەبی، بەڕێوەبەرایەتی گشتی ڕۆشەنبیری و هونەر، چاپی یەکەم ، هەولێر.

عەلی، بەختیار، ٢٠٢٠، داگیرکرنی تاریکی، ناوەندی ڕۆشەنبیری ڕەهەند، چاپی یەکەم ، سلێمانی.

ئەلوەنی، نەجم (د)، ٢٠٠٩، تیۆری کۆمەڵناسی ڕۆمان، زانکۆی سەلاحەددین، چاپی یەکەم، هەولێر.

بۆتۆمۆر، تۆم، ٢٠١٣، قوتابخانەی فرانکفۆرت ، بەڕێوەبەرایەتی چاپ و بڵاوکردنەوەی هەولێر، چاپی یەکەم، هەولێر.

مەنتک، حەمە، ٢٠٢١، ئارکیۆلۆژیای پۆلینی ڕۆمانی کوردی، دەزگای سەردەم ، چاپی یەکەم، سلێمانی.

مەنتک، حەمە، ٢٠١٣، تەکنیکی فرە دەنگی لە ڕۆمانی کوردی لە ڕۆمانی کوردیدا (٢٠٠٠-٢٠٠١)، چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی، چاپی یەکەم، سلێمانی.

ڕەسول، ڕۆشنا، ٢٠٠١، داهێنان لە ڕێگەی چەند تیوریەکەوە، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.

بۆکانی، سابیر، ٢٠٠٦، لە سایکۆلۆژیای مرۆڤدا ، چاپخانەی ڕەنج، چاپی یەکەم، سلێمانی.

مونیف، عبدالرحمان، ٢٠٠٦، تیشکێک بۆ سەر ڕۆمان، وەرگێرانی شیرین.ک، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، چاپی یەکەم، سلێمانی.

سیبیزکین، ڤ پودوسیتنیک، ٢٠٠٧، .فەلسەفەی مارکیسیزم، وەرگێرانی جەلال دەباغ، چاپخانەی شڤان ، بڵاوکردنەوەی وەزارەتی ڕۆشەنبیری (خانەی وەرگێران)، چاپی دووەم، هەولێر.

ئارنێت، هانا ، ٢٠٠٧، بنەماکانی توتالیتاریزم، وەرگێرانی حەمە ڕەشید کوردستان، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم ، سلێمانی.

موکریانی، هەژار، ١٣٧٤، هەمبانە بۆرینە (فرهنگ – کردی – فارسی)، تهران.

عومەر، یاسین، ٢٠٠٥، ئایین و هزر و سیاسەت ، لە چاپکراوەکانی پرۆژەی کتێبی یانەی قەلەم، چاپی یەکەم، سلێمانی.

## نامە ئەکادیمیاکان

محمود، سەروەر صابر، ٢٠١٧، سروشتی ململانێی ڕۆڵ و پەیوەندی بە پاڵپشتی کۆمەڵایەتییەوە، زانکۆی سلێمانی، کۆلیژی زانستە مرۆڤاتیەکان، بەشی کۆمەڵناسی.

محمد، کیفی هادی، ٢٠٢٣، ململانێی پارتە سیاسیە کوردستانییەکان و کاریگەری لەسەر سەقامگیری کۆمەڵایەتی، زانکۆی سەلاحەددین، کۆلیژی ئاداب ، بەشی کۆمەڵناسی،.

محمد، یوسف، ٢٠١٤، شیعری کوردی لە ژێر چەمکی ڕیالیزمدا (١٩٠٠- ١٩٥٠)، زانکۆی سلێمانی، سکوڵی زمان بەشی کوردی.

## ڕۆژنامە و گۆڤار

یاقووب، عەلی عوسمان، ٢٠١٥، ڕۆمان: ژانرێکە بۆ تەکنیکە جوانەکان، گۆڤاری ڕامان، ژمارە ٢١٩.

یاقووب، عەلی عوسمان، ٢٠١٢، ڕۆمان لە ڕوانگەی سۆسیۆلۆژییەوە، گەلاوێژی نوێ- دەزگای ڕووناکبیری گەلاوێژ، ژمارە ٥٤.

محمد، عبدالقادر حەمە، ٢٠٠٤، دەق لە نێوان گوتاری ئایدۆلۆژی و بنیاتی ئەدەبیدا، گۆڤاری ئایندە، ژمارە ٥٧.

## دووەم: بە زمانی عەرەبی

راجع، احمد عزت(د)، ١٩٦٨، اصول علم النفس، دار الكتاب العربى، قاهرة، مصر.
لحميدانى، حميد(د)، ١٩٩٠، النقد الروائى و الأيدولوجيا، المركز الثقافى العربى، الطبعـة الاولى، بيروت.
الماضى، عزيز(د)، ١٩٩٣، في النظرية الأدب ، المؤسسة الجامعية للنشر، الطبعة الأولى ، بيروت – لبنان.
بلحسن، عمار، الادب و الأيدولوجيا، ١٩٨٤، المؤسسة الوطنية للكتاب ، الطبعة الأولى، جزائير.
مفتاح، محمد (د)، ١٩٩٠، دينامية النص، المركز الثقافى العربى-الدار البيضاء، الطبعة الاولى،بيروت-لبنان.

## نامە ئاكاديميەكان

ئاودەلی،ساجده زرار عزيز، ٢٠١٠، البنى السرديه فى الروايات نبيل سليمان، اطروحة دكتوراه، جامعة المستنصرية-كليه التربية قسم اللغة العربية، بغداد.
عائشة، سعدى، ٢٠١٣-٢٠١٤، مظاهر الصراع الأيديولوجى بين المعسكر الشرقى و المعسكر الغربى (١٩٤٥-١٩٨٩)، رسالة الماستر، جامعة محمد خيضر-بسكرة، كلية العلوم الانسانية و الاجتماعية، قسم العلوم الانسانية، الجزائير.

## ڕۆژنامە و گۆڤار

شفيق، منير، ٢٠٢٣، الصراع الأيديولوجى فى الحرب العالمية الراهنة، كتاب عربى ٢١.

## سێیەم : بە زمانی فارسی

اندرو، وينسنت، ١٩٩٥، ايدئلوژى هاى مدرن سياسى، ترجمه :مرتضى ثاقب فر، كتابخانه ملى ايران، طبعه اول، تهران.

## چوارەم : بە زمانی ئینگلیزی:

## ڕۆژنامە و گۆڤار

Hoque & Islam & Tohfa,Nazmul & Amirul & Ummay, 2018, Conflictual Ideologies in Victorian Novels and poetry, American Research Journal of English and literature, NO.2.
Folger, 199, Joseph, Ideology Orientation to conflict and Mediation Discourse, Negotiation Journal, No.12.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# Queries of ideological conflict in Bakhtiar Ali's novels in Invasion of Darkness

**Arkan Khalid Ali**
Kurdish Department, College of Languages, Salahaddin University - Erbil, Kurdistan Region, Iraq
Email: Arkan.alan87@gmail.com

**Prof. Dr. Sangar Qadir Shekhmohammad Haji**
Kurdish Department, College of Languages, Salahaddin University - Erbil, Kurdistan Region, Iraq
Email: Sangar.shekhmohammad@su.edu.krd

## Abstract
The ideological conflict, especially on the issue of identity in novel It shows struggles of a ruling belief and someone's character by analyzing the main characters and the way the novel is written.  we see how the author shows this struggle between a ruling belief and his identity. In Bakhtiar Ali's novel (Invasion of Darkness) identity is not just a nation or a simple belief, but a political tool used by the authorities to control the people. The study states how people are looking to protect their identity and fight for freedom.
This research is descriptive-analytical and tries to show the relationship between the novel and ideology and what are ideological aspects that have become important issues in the novel, and the conflict began about it.
In the novel Invasion of Darkness; The issue of erasure of nation, destruction of language and changing culture are the three most important issues that are the theme of the novel and a significant part of the novel turns around these three issues.

***Keywords:*** *conflict, ideology, identity, language, culture*

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# قضايا الصراع الأيديولوجي في رواية (احتلال الظلام) لبختيار علي

**ملخص:**
يكشف الصراع الأيديولوجي، وخاصة حول مسألة الهوية في الرواية، يقوم بتوضيح عن الحرب بين المعتقدات المحتلة وهوية الأشخاص. من خلال تحليل الشخصيات الرئيسية وأسلوب كتابة الرواية، نرى كيف يظهر الكاتب ذلك الصراع الذي يخوضه الإنسان بين معتقد مهيمن وهويته الذاتية. في رواية (احتلال الظلام) لبختيار علي، لا تظهر الهوية فقط كقومية أو معتقد بسيط، بل تبرز كأداة سياسية يستخدمها أصحاب السلطة للسيطرة على الناس. يتناول البحث كيف يسعى الإنسان لحماية هويته ويكافح من أجل الحرية.
هذه الدراسة وصفية-تحليلية، وقد سعي فيها إلى إبراز العلاقة الموجودة بين الرواية والأيديولوجيا، وما هي تلك الجوانب الأيديولوجية التي أصبحت مسألة مهمة في الرواية ونشأ الصراع حولها.
في رواية احتلال الظلام؛ تعد مسألة محو القومية وإزالة اللغة وتغيير الثقافة ثلاث قضايا بالغة الأهمية تشكل موضوع الرواية، وتدور حولها أجزاء بارزة من الرواية.